# کاریگەریی گۆرانی لەسەر کوردیی ناوەڕاست

# كاريگەريی گۆرانی
# لەسەر كورديی ناوەڕاست
## بنكرٍ، يان خواستنی باڵا

میشێل لیزنبێرگ
بەشی فەلسەفە، زانکۆی ئەمستردام

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:
عەزیز گەردی

سلێمانی / 2004

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( 48 )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# کاریگەریی گۆرانی لەسەر کوردیی ناوەڕاست

نووسینی: میشێل لیزینبێرگ
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
بابەت: زمانەوانی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: وەرگێڕ
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: 147 ی 2004

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.info

## پێشەکی

ئـەو زارە ناوچـەییانەی (Vernaculars) کـورد پێیان دەدوێن دابەشی سەر دوو کۆمەڵە (Group) دەکـرێن، ئـەوانیش، هەریەکـە لـەلای خۆیـەوە، دیسان دابەشی سەر دوو کۆمەڵە زاری سەرەکی دەبـێ. زۆربـەی کـورد بـەجۆرێك لـەجۆرەکانی (Variety) ئـەو زارانـە دەدوێـن کـە گۆیـا پێیـان دەگـوترێ کرمـانجی، یـان سـۆرانی. ژمارەیـەکی کەمیشـیان بـەگۆرانی، یـان زازایـی قسـە دەکـەن. هەرچـەندە دوو زارەکـەی دواوە [گـۆرانی و زازا] خزمـی نزیکـی دووەکـەی پێشـەوەن [کرمـانجی و سۆرانی]، بەڵام ئەگەر بەوردی بڵێین، ئەمانە سەر بەهـەمان لقی زمانـە هینـدو ئێرانییـەکانی ئـەوان نین. لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێوەیەکی گشتی وا باوە

کە هەر دوو کۆمەڵەکە سەر بەکۆمەڵەی باکوری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانن.

ڕاستییەك هەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە، ئەویش ئەوەمە سۆرانی لەژمارەیەك سیمای پەیوەندیی سەرنجکێشەوە لەگەڵ گۆرانیدا هاوبەشە، کەواتە بۆمان هەیە بپرسین: ئایا ئەمانە چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەنێودا هەبووە؟ من حەز دەکەم ئەم جۆرە پرسیارە بەرو ڕووی پاشخانی هەندێ کاری بیردۆزەیی بکەمەوە کەبەم دواییە لەسەر پەیوەندی زمانەکانەوە پێشکەش کراون، بەتایبەتی کارەکەی تۆماسنو کاوفمان (1988). ئەم نووسەرانە هەوڵ دەدەن بسەلمێنن کەئەنجامی تێخزانی (inteference) زمان هیچ سەپاندێکی زمانەوانی بەسەرەوە نییەو ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی بڕیار لەسەر ئەنجامی زمانەوانی دەدا، کۆزمانەوانی (Sociolinguistics) قسەکەرەکان خۆیانە (ل، 35). لەمەش زیاتر، ئەمانە دوو جۆرە تێخزانی بنچینەیی لەیەك جیا دەکەنەوە:

أ- تێخزان لەگەڵ وەرچەرخانی زماندا (ئەمە زیاتر بە بنكڕ – Substratum– ناسراوە).

ب- خواستن لەپاڵ مانەوەی زمانەكە.

ئەم نووسەرانە دەیانەوێ بسەلمێنن كەئەم دووە ئەنجامی زمانەوانی ڕوونو ئاشكرایان هەیە.

كاریگەری بنكڕ پێویستی بەخواستنی بەر فراوانی واژەكی (lexical) نییە، بەڵكو ئەمەیان، بەشێوەیەكی نموونەیی، بەدەنگسازیو ڕستەسازیو بەڕادەیەكی كەمتریش بەوشەسازیی گەردانكاری دەست پێدەكا (ل، 39). بەپێچەوانەوە، لەخواستندا هەردوو زمانەكە لەماوەی تێخزانەكەدا شان بەشانی یەكتر دەمێننەوەو كەرەستەی واژەیی، بەتایبەتی كەرەستەی واژەیی ناسەرەكی، بەشێوەیەكی چەسپاو، دەبن بەیەكەم ڕەگەزی خوازراوەو ئەگەر پەیوەندییەكە چڕتربێ لەوانەیە ببێ بەهۆی خواستنی ڕەگەزی پێكهاتەییش (واتە: ڕەگەزی دەنگسازیو ڕستە سازی).جا خواستن، نەك

کاریگـەری بنکـڕ، پێویسـتی بـە پەیوەندییـەکی درێژخایـەنی نێـوان زمـانی سەرچاوە (Source) و زمانی مەبەست (target) هەیە (ل، 41).

مـن پـێم خۆشـە ئـەم چـوار چێوە بیردۆزەییـە بـەکاربێنم، بـۆ ئـەوەی تیشـك بخەمـە سـەر جـۆرە وردو تایبەتییـەکانی ئـەو کێشـانەی پەیوەنـدییان بـەم دیاردەیـەی پەیوەنـدی زمانـەوە هەیـە کـە لەسەرەوە باس کراوە.

مەکـــەنزی (1961ب، 86) هـــەوڵیداوە بســەلمێنێ ئــەو ســیما ڕێزمانییانــەی ســۆرانی لـەکرمانجی جیـا دەکەنـەوە بـۆ بنکـڕی گـۆرانی دەگەڕێنــەوە، واتــە بــۆ پاشمــاوەی ئــەو زمانــە دەچنەوە کەپێش (داگیرکردنی کوردی)ی گریمانە کراو، لەناوچەکەدا قسەی پێکراوە.

بۆچوونی سەرەکی مـن، کە لەبەشی سێیەمی ئــەم تۆژینەوەیــەدا هــاتووە، ئەوەیــە کــە ئــەم پەیوەندییە نزیکانەی نێوان کوردیی ناوەڕاستو گـۆرانی، نـەك وەکـوو بنکـڕ (گریمانـەی پـێش داگیرکردنـی مـەغوول)، بەڵکوو وەکوو خواسـتنی بـاڵای مێــژوویی وایــە کەپاشــان، بــۆی هەیــە

لەسەدەی حەڤدەم کۆنتر نەبێ، باشتر دەکەوێتە بەرچاو. ئەم کردەوەیە پێویستی بەوە نییە کە بەهیچ وەرچەرخانێکی گرنگی زمانی ناو خەڵکە گۆرانەکە تێپەڕی بێ، وەکوو ئەوەی کەکاریگەری بنکڕ پێویستی پێ هەیە.

لەبەر ئەوەی من خۆم تاڕادەیەك نائاشنام بەناوچەکە، بۆیە بەکێومالێکی زارە سەرەکییەکان بەمانای گشتی و بەکورتەباسێکی خەسیەتە کۆزمانەوانی و ڕێزمانییە هەرە زەقەکانیان دەست پێ دەکەم.

دیارە دەستەواژەی (زمانی کوردی) دوو مانای جیاوازی هەیە:

أ- یەکێکیان بریتییە لە (زاری لقی کوردی لەزمانە هیندو ئیرانییەکانی باکوری ڕۆژئاوا)و

ب- ئەوەی تریش (زارێکە ئەو گەلە پێی دەدوێن کەخۆیان بەکورد دادەنێن).

لەوانەیە لێك جیانەکردنەوەی ئەم دوو مانایە بەئاسانی ببێ بەهۆی پیلەکەو ئاڵۆزییەکی ناپێویست: نابێ گۆڕان و گەشەسەندنی ڕەگەز (ئیتنی) تێکەڵ بەداڕشتنەوەی زمانەوانی بکرێ.

لەبەرئەوەی زۆر لەو زارانەی جێی باسن زانیاری پێویستی زمانەوانی و کۆزمانەوانییان لەبارەوە نییە، زۆربەی ئەم تۆژینەوەیە ئەزموونکارییەکی پێویست و زیاتریش بەرنامەکارانە و هەندێ جاریش تەنانەت ڕامانکاریی دەبێ.

سەرەڕای ئەمەش تۆژینەوەکە وادەخوازێ کەزانیاری خوڕی زمانەوانی، ئەگەر بەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیش نەبێ، بەڵام بەلێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆزمانەوانی ببەسرێتەوە.

من خۆم دەزانم ئەم کارە وەکوو لاواندنەوەی کارەسات وایە، ئەمەش بۆیە وایە، چونکە من ناتوانم بڵێم زانیاریی پسپۆڕانەم لەبارەی هیچ ناوچەیەك لەو ناوچانە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆی هەیە ڕێبازێکی وەکوو ئەمەی لێرەدا نەخشەی بۆ داندراوە، سوودی بۆ ئەوە هەبێ کەشت لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە سەیر بکرێ.

# بەشی یەكەم

## زارە كوردییەكان و زارەكانی "كوردی"

لەو زارانەی كورد قسەیان پێ دەكەن یەكەم جار ئەوانە دێن كە مەكەنزی (بس[*]) پێیان دەڵێ زارە كوردییەكانی باكوورو زۆربەی كورد لەتوركیا و سوریا و بەشەكانی ئەوپەڕی باكوری عیراق و لەژمارەیەك كۆماری سۆڤێتی جاران قسەیان پێ دەكەن.[1] ئەم زارانە زیاتر

---

(*) بس: بێ ساڵی چاپ (و.)

(1 ) باسی هەرە دوورو درێژی زارە كوردییەكانی باكوورو ناوەڕاست لای مەكەنزی هاتووە، 1961أ، هەروەها بڕوانە: بلۆ، 1975. سەرنجێكی خێراش هەر لای بلۆ، 1989أ، دەكەوێتە بەرچاو.

بەکرمانجی، یان لەلای کوردی عیراق بەبادینی ناسراون. بەچکە زاری بۆتی و جزیری لەکرمانجیدا، هەقی خۆیانە شانازی بەگەورەترین شاکاری ئەدەبی بکەن لەزمانی کوردیدا، کەداستانی مەم و زین ی سەدەی حەڤدەمینە. ئەم ناوبانگە ئەدەبییەی کرمانجی و ئەوەش کەسەرکردە ڕۆشنبیری و سیاسییە هەرە گرنگەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەدا (وەکوو بەدرخان بەگی دوامیری میرنشینی بەهێزی بۆتانیی دەوروبەری جزیرە و نەوەکانی، کەنیمچە ئەوروپییانە پەروەردە کرابوون) بەکرمانجی قسەیان دەکرد، وایان کرد زۆر لەگوین بێ ئەگەر کورد زمانی ئەدەبییان دروست ببویایە، ئەم زارە ببایە بەبناغە. لەڕاستیدا، هەوڵ و تەقەڵای ئەمیر جەلادەت بەدرخان لەسوریا لە (1930) یەکاندا (کەدوا جار وەکوو بەدرخان و لیسکۆ لە1970 دا بڵاو بووەوە) بۆ داهێنانی شێوە، نووسینێکی یەکگرتوو لەئەلف و بێی لاتینییەوە، هەولێکی لەبار بوو بەرەو زمانێکی یەکگرتوو وەکوو یەکەم

لێکۆڵینەوەی ڕەسەنی وەسفیی بەچکەزاری بۆتی.[2]

لەگەڵ ئەمەشدا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لەهەموویش گرنگتر قەدەغەکردنی تەواوی قسەو نووسینی کوردی لەکۆماری تازە دامەزراوی تورکیا لە (1920)ەکاندا، تا ڕادەیەکی زۆر بوو بە لەمپەر لەبەدەم گەشەسەندنی ئاسایی زاری کرمانجی بەرەو زمانێکی یەکگرتوو بۆ خوێندن و (پەیوەندی گشتی ( Mass Communication). تەنیا لەئەرمینیای سۆڤێتی، کرمانجی بە بێ گرێ و گۆڵ بەرەو زمانی نووسین و زمانی یەکگرتوو گەشەی کردووە. لەتورکیا، سەرەتای (1990)ەکان تەقینەوەیەکی نەش و نماکردنی بڵاوکردنەوەی نیمچە نهێنی بەکرمانجی و لەبارەی کرمانجییەوە بەخۆیەوە

---

(2) بۆ (دەنگنووسی – Transcription) بەشێوەیەکی سەرەکی ئەلف و بێی بەدرخان بەکار دێنم کەسەرەڕای هەندێ کەم و کورتیش، کەم و زۆر لەناو نووسەرانی کورد باوی سەندووە.

بـــینی، ئـــەویش بەپشـــت بەســـتن بـــەکارەکانی بەدرخان و تاڕادەیەکیش بەتوێژینەوەکانی کوردی تاراوگـــە. لەکوردســـتانی عـــیراق، چـــەند کتێبێـــك بـەکرمانجی و بـەتیپی عـەرەبی بـڵاو کراونەتـەوە، بـەڵام کرمـانجی هـەرگیز وەکوو زمـانێکی ڕەسمـی بەپایەی سۆرانی نەگەیشتووە.

بەچکە زارەکـانی کرمـانجی گـەردانی دۆخیـان بـۆ نـاوو ڕانـا و هەیـە، فـەرمانی ڕەگـی کـاتیی ڕابردووو ڕانەبردوویان هەیە، بەڵام گەردان کردنی فـەرمانی بکـەر نادیاریـان نییـە، بـەڵکوو فـەرمانی بکـــەر نادیـــاری شـــیکارییان بـــەهۆی فـــەرمانی یادیـــدەری هـــاتن ەوە دێتـــە دروســـت بـــوون. خەسیەتە دەنگییـە هـەرە زەقـەکان لـەتابلۆی (1)ی خـــوارەوەدا هـــاتوون. لـــەڕووی ڕستەســـازییەوە، ســـیمای هـــەرە ناســـراوی کرمـــانجی داڕشـــتنی (ergative)ە لەشێوەکانی کاتی ڕابردووی فەرمانی تێپـــــەڕ، بەرامبـــــەر بەداڕشـــــتنی (nominative-accusative) لەکاتی ڕانەبردوودا. لێرەدا فەرمانەکە لەگەڵ بەرکاری لۆجیکیدا دەگونجێ، کەهەرچەندە

**لەشـــوێنی بەرکاردایـــە، بـــەڵام هـــەر لـــەدۆخی (absolutive)دا دەمێنێتەوە:**

(1)

| | | |
|---|---|---|
| **ئەز** | **وی** | **دبینم.** |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| **من** | **ئەو** | **من(بینین)** |
| (abs.) | (obl.) | **(تاک — ڕانەبردوو)** |

**(من ئەو دەبینم.)**

(2)

| | | |
|---|---|---|
| **من** | **ئەو** | **دیت.** |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| **من** | **ئەو** | **(بینین)** |
| (obl.) | (abs.) | **(کەسی سێیەمی تاک ڕانەبردووی سادە)** |

(من ئەوم بینی.)

ئەو دارِشتنانەی ڕاناوی خۆیی <u>خوە</u> یان تێدایە، کەهیچ نیشانەی دۆخ، یان کەس وەرناگرن، ئەمە دارِشتنێکی (بێ خودانی impersonal)ی پێك دێنێ، کە لەکاتی ڕابردوودا شێوەی فەرمانی کەسی سێیەمی تاکی لەگەڵ بەکاردێ:

(1)

| | | |
|---|---|---|
| ئەز | خوە | دبینم. |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| من (abs.) | خۆ | (بینین). (کەسی یەکەمی تاك – ڕانەبردوو) |

(من خۆم دەبینم.)

(2)

| | | |
|---|---|---|
| من | خوە | دیت. |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| من | خۆ | بینین |
| (abs.) | | (کەسی سێیەمی تاک – ڕابردووی سادە) |

(من خۆم بینی.)

لەهەندێ بەچکە زاری ئاخاوتنی کرمانجیدا، ئەم داڕشتنەی (ergative) خەریکە دادەخورێ و بەرەو جووت (accusative) و تەنانەت بەرەو داڕشتنی (subject -object) گەشە دەکات.[3]

دووەم، بەچکە زارەکانی کوردیی ناوەڕاستە، کەپێیان دەگوترێ <u>کوردی</u> و زیاتریش پێیان دەگوترێ <u>سۆرانی</u> کەبەناوی زاری سلێمانییەوە

---

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Bynon (1979) and Dorleijn (1992).

کـراون. ئەمانــە زاری مــوکریش دەگرنــەوە کــە لەکوردستانی ئێران، لەدەوروبەری شاری مەهاباد قسـەیان پـێ دەکـرێ. لەکوردسـتانی عـیراق، ئـەم بەچکە زارانە لەباشووری زێی بچووك قسـەیان پـێ دەکرێ.

سـۆرانی زمـانی بارەگـایی بارەگـای بابـان بـوو لەسلێمانی کـەکلۆدیوس جێمـز ریـچ/ ی قونسـولی بریتـانی ماوەیـەك لـەوێ بـووە (بگـەڕێوە بـۆ: ریـچ 1936). ئـەم میرنشـینە لەوەرچـەرخانی سـەدەی (18-19)دا سـەری هەڵـداو بەتێپـەڕینی ڕۆژگـار وای لێ هــات بارەگــای ئــەردەلانی نزیــك خــۆی داپۆشـی کـە لەسـنە (سـەنەندج) بـووو تـا ئێسـتا گرنگترین مێرنشین بووە لەناوچەی باشووردا.[4]

---

(4) لــەخوارەوە ئەنجامــە زمانەوانییــەکانی ئــەم ڕووداوانە دەبیـنین. ئـەو ڕاستییەی بایـەخی تایبـەتی هەیە ئەوەیە شاعیرەکانی بارەگای بابان یەکەم جار شــیعریان بــەگۆرانی دەنووســی، بــەڵام لەســەرەتای ســەدەی نـۆزدەدا ڕوویـان کـردە سـۆرانیو وەکـوو زمانی نووسینی بەکاریان هێنا.

لــە (1919)دا، دەســـەڵاتدارەکانی ئینتیـــدابی بریتانی لەعێراق بڕیاریان دا پەرە بەم زارە بدەن و بیکەن بەزمانی بەکارهێنانی ڕەسمیی و بەزمانی خوێندن. ئەگەر چی پێش سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەقی ئەدەبی پێ نەنووسرابووەوە (بگەڕێوە بۆ: حەسەپنوور 1989، 66-67). بەم جۆرە، لەوکاتەی کەکرمانجی لەتورکیا بەزەبری زۆر سەرکوت دەکرا، دەسەڵاتدارەکانی ئینتدابی بریتانی لەعێراق زاری سۆرانییان وەکوو زمانی ڕەسمی کوردی ئەوێ بەکارهێناو لەوساوە تا ئێستاش هەروا ماوەتەوە. ئەگەر چی سۆرانی خەڵکێکی کەمتر قسەی پێ دەکەن لەکرمانجی، لەگەڵ ئەوەشدا سۆرانی دەرفەتی زۆر باشتری بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی (پەیوەنـــدی گشـــتی)دا بگونجێنـــێ. ئـــەم گۆڕانکارییـــەش گیروگـــرفتی خـــۆی هـــەبوو. کەســـۆرانی وەکـــوو زمـــانی ڕەسمیـــی خوێنـــدن لەکوردســـتانی عـــێراق بـــەکارهات، لەئامێـــدی، ئەوانەی بەبادینی (واتە کرمانجی) قسەیان دەکرد یەکەم جار وایان پەسند کرد منداڵی خۆیان

بنێرنــه ئــەو قوتابخانانــەی بــەزمانی عــەرەبی دەیانخوێند.[5] بێجگە لەمەش، دیارە لە (1980) کانـەوە لەئـەنجامی هەڵمـەتی بەعـەرەب کردنـی حکوومەتی بەعس، دەرفەتی خوێندن بەکوردی بە بەردەوامی لەدابەزین دا بوو.

سیمای هەرە جیاکەرەوەکانی سۆرانی بریتین لـە: نـەمانی سیسـتەمی دۆخ و مـۆرفیمی بکـەر نادیـــاری (ڕێ/ ڕا) و بـــەکارهێنانی شـــێوە پاشـــگردارەکانی ڕانـــاوی کەســـی کەلـــەکاتی ڕابـردوو، لەفـەرمانی تێپـەڕدا دەخرێنـە نێـوان پێشگری فەرمانەکەو ڕەگەکەی. گەردان کردن بەو پێیـــە دەگـــۆڕێ ئـــاخۆ (Agent) و (Patient)ی

(5) بلـۆ، 1975، 10 بـۆ زانیـاری زیـاتر لـەبارەی سـەرهەڵدانی سـۆرانی وەکـوو زمـانی یـەکگرتووی کوردسـتانی عـیراق، بڕوانـە: حەسـەنپوور، 1989، 96-117.

**واتاناسی بەناو گوزارشتیان لێ دراوە، یان بەڕاناوی سەربەخۆ، یان بە (Clitic)**[6]:

(1)

| م | بین- | تان- | ئە- |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| **کەسییەکەمی تاک** | **بینین (ڕانەبردوو)** | **ئێوە** | **ڕانەبردوو** |

**(ئەتانبینم.)**

(2)

| دیت | م | ئێوە- |
|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ |
| **بینین (ڕانەبردوو)** | **کەسی یەکەمی تاک** | **ئێوە** |

**(ئێوەم دیت.)**

---

(6) **گەنگەشەی زیاتر لەبارەی داڕشتنی فەرمانی تێپەڕ لەکرمانجیو سۆرانیدا، لای ئەمانە هاتووە: بینۆن**، 1979، **بلۆ**، 1980، 69–74.

(3)

| | | |
|---|---|---|
| نارد– | –م | یت |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| ناردن ڕانەبردووی سادە | کەسی یەکەمی تاک | کەسی‌دووەمی تاک |

(تۆم نارد.)

(4)

| | | | |
|---|---|---|---|
| گورگەکان– | م | دیت– | ن |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| گورگ– ناسیاوی– کۆ | کەسی یەکەمی تاک | بینین ڕانەبردووی سادە | کەسی سێیەمی کۆ |

(گورگەکانم دیتن.)

سۆرانی، بەپێچەوانەی کرمانجی، وا دەخوازێ کە ڕاناوی خۆیی (خۆ–) پاشگری ڕاناوی کەسی وەربگرێ:

| خۆ- | ت | ئە- | شۆ- | ی |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| خۆ | کەسی دووەمی تاک | ناتەواو(*) | شووشتن ڕانەبردوو | کەسی دووەمی تاک |

(تۆ خۆت ئەشۆی.)

کۆمەڵەزاری سێیەم، کەکۆمەڵەیەکی بچووکەو پەیوەندی بەو دووەوە هەیە کەتائێستا باس کران، لەزارە کوردییەکانی باشوور پێک دێ کە لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەتایبەتیش لەدەوروبەری کرماشان قسەیان پێ دەکەن. بەلای مەکەنزییەوە (بس) ئەمانە دادەچۆڕێنە ناو زارە لوڕییەکانەوە. ئەو کوردییە هەڕەمەی کوردە فەیلییە شیعەکان پێی دەدوێن،

---

(*) لێرە بۆ (ناتەواو) نییە، بۆ ڕانەبردووە (و).

کەبەرلەوەی بەدوو شەپۆلی یەك لەدوای یەك، لە 1971 و 1980 دا نزیکەی هەر هەموویان دوور بخرێنەوە بۆ ئێران، لەناو شارەکانی باشووری عێراق دەژیان، دیارە ئەویش سەر بەم کۆمەڵەزارەیە، ئەگەر چی شوێنی وردیشی، وەکوو هی لەکەکان، ڕوون‌و ئاشکرا نییە. چەند زانیاریدەرێك (Informant) پێیان ڕاگەیاندم کەئێستاش لەکوردستانی عێراق، لوڕی لەدەوروبەری خانەقین‌و مەندەلی قسەی پێ دەکرێ‌و هەندێ کۆمەڵەی لەك لەباشووری هەولێرو لەنزیك کەرکوك هەن، یان هەبوون. ئەم زارانە، کەئەدەبی نووسراویان نییە، کەم توێژینەوەیان لەسەر کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوە دەچێ هەندێکیان بەرهەمی ئەدەبی زارەکی گەشەسەندوویان هەبێ (بۆ نموونەی زاری لوڕی‌و فەیلی بڕوانە: مان، 1910).

ئینجا بەچکەزارەکانی گوورانی یان گۆرانی هەن کەخەڵکێکی زۆر کەمتر لەکرمانجی، یان سۆرانی، قسەیان پێ دەکەن. هەندێ زاری دیاری گۆرانی لە هەورامانی کوردستانی ئێران‌و

خوارترو یەکسەر لەسەر سنووری عیراق قسەیان پێ دەکرێ. ئەم بەچکە زارانە زۆر بەفراوانی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پێیان دەگوترێ هەورامی یان هەورامانی.[7] جگە لەمەش لەکوردستانی عیراقدا زۆر گیرفانی جڤاتی ئیتنی هەن بەزاری نزیک لەگۆرانی دەدوێن (بڕوانە: نەخشەی زارەکان). سەرەتا باجەلان هەن کەهەندێکیان لەنزیک خانەقینو هەندێکیان لەباکووری مووسل. لەدۆڵی خۆسەر، دەژین. ئینجا شەبەك دێن کەئەوانیش هەر لەنزیك مووسل دەژین. پەیوەندی ئیتنیو زمانەوانی وردی نیوان شەبەكو باجەلان ڕوون نییە، نووسەرانی پێشوو، بۆ نموونە مینۆرسکی (1943، 76)و مەکەنزی (1956، 418–420) زاراوەی (باجەلان)و (شەبەك) وەکوو هاوتای یەکتر بەکار دێنن[8]،

(7)باسی زارە جیاوازەکانی گۆرانی لای مان/ هەدەنگ 1930، مەکەنزی 1966 هاتووە.

(8) مەکەنزی (1956، 419–420): "هەموو شەبەك ... بەخۆیان دەڵێن باجلان یان بێجوان."

بەڵام ڕاستییەکەی دیارە ئەمانە دەبێ بەجیایی بمێننەوە. بێ شك ئەمانە هەردووکیان لەڕووی ئیتنییەوە جیان. باجەلان کەوتونەتە نێو پەیوەندی ڕێکخراوی خێڵەکیو لەوە دەکا سوننەی (Heterodox) بن و شەبەك شیعەی[9] ناخێڵەکی (Heterodox)ن. هەندێ جیاوازی زمانەوانیش هەن لەنێوان باجەلانی ئاپارچی، کەمەکەنزی تۆماری کردووە (1956)و چەند نموونەیەکی زاری شەبەك کەمن خۆم بەهاوکاری شەبەکێکی گوندی قاراوە[10] کۆم کردۆتەوە.

بۆ نموونە:

---

(9) زانیاریدەرە شەبەکەکەمم دەیگوت سێ تایفەی شەبەك هەن: باجلانو زەنگەنەو شەبەکی ڕەسەن.

(10) لەبەر تەنگی شوێن تەنیا ژمارەیەکی کەم نموونەی زاراوە باسراوەکان دێنم کەزۆربەیان تا ئێستا باس نەکراون. لێکۆلینەوەی دوورو درێژتر ماوەتەوە بۆ دەرفەتێکی تر.

| ماناى | باجەلان | شەبەك |
|---|---|---|
| چاو | چەم | چاو |
| زمان | زوان | زمان |
| ئێوە | ئیشمە | شمە |
| ئەوان | ئێشان | ئۆشان |

هەروەها وردە جیاوازی، بۆ نموونە لەدەربڕینی ژمارەکانو لە وشەسازی زارەکییاندا، هەیە، بەڵام لەوە بترازێ، هەردوو زارەکە زۆر لەیەکەوە نزیکن. سەیری ئەم بەراوردە بکە:

شەبەك: (ئەمن زلامێ مەتی) واتە : (من پیاوەکە دەبینم.)

(ئەمن زلامەم تیت) واتە: (من پیاوەکەم دیت.)

لەگەڵ باجەلانی: (سارا یانەت مەتی) واتە: (سبەی ماڵتان دەبینم.)

(ئەمن زلامەم تیت)(*) واتە: (من پیاوەکەم دیت.)[11]

---

(*) ئەمە هیچ جیاوازی لەگەڵ ڕستەکەی شەبەکیدا نییە. لەوانەیە هەڵەی چاپ بێ (و.).

یەکێکی تر لەوکۆمەڵە ئیتنییە گرنگانەی بە بەچەکەزارێکی هەورامی دەدوێن کاکەیین کەپێشیان دەگوترێ: ئەهلی هەق، عەلی ئیلاهی، یان لەئێران پێیان دەگوترێ: یارسان. ئەمانە ئایینێکی جیاو ئەدەبیاتی ئاییینی تایبەتی خۆیان هەیە کەهەندێکی بەفارسی نوێ نووسراوەو هەندێکی بەهەورامی باو. کاکەییەکان هەموویان زمانی دایکیان هەورامی نییە. کاکەیی تورکمانو کاکەیی سۆرانی زمان(**) هەنو تەنانەت هەندێکیان لەمەندەڵیو باقووبەو

---

(11) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی شەبەکەوە بڕوانە: ئیدمۆنز (1957، 190 ودد)، ڤینۆگرادۆڤ (1974)، هووسا (1988، بەشی 1). بۆ باسی زارەکانی باجەلانی، بەتایبەتی بڕوانە: مان/ هەدەنگ، (1930، 395 – 424) و مەکەنزی (1956).

(**) لێرەو لەزۆر شوێنی تردا، من (وەرگێر) (زمان)م بۆ دروست کردنی وشەی لێکدراوی وەکو سۆرانی زمانو کرمانجی زمانو زازایی زمان بەکارهێناوە، مەبەست زمان (اللغە) نییە، مەبەست قسەکردنە (و.).

خانەقین بەعەرەبی دەدوێن. بێگومان ژمارەیەکی زۆریشیان (وەکو هی کۆمەڵکانی تر) بەچەند زمانێک لەم زمانانە دەدوێن. لەوانەیە چەند نموونەیەکی کەمی ماچۆ (زاری کاکەیی بەزۆری وای پێ دەگوترێ کەلەڕستەی (ماچۆ – من دەڵێم) وەرگیراوە) لەتۆبزاوەی نزیک تاوق بەس بێ بۆ ئەوەی کەماچۆ سەر بەزارەکانی گۆرانە:

| ماچۆ | ماناکەی |
|---|---|
| من برنج مۆری | من برنج دەخۆم |
| من برنجم وەرد | من برنجەکەم خوارد |
| چەم | چاو |
| چەمم | چاوم |

پاشگرە کەسییەکانی کاتی ڕابردوو لەهی فارسی نوێ دەچن، وەکوو لەگەردان کردنی ئەم نموونەیەدا دیارە:

(من، تۆ، ... هتد      پیاوێك ... دیت)

تاك:

1- من پیاوییێم دی.

2- تو پیاوییێت دی.

3- ئەو پیاوییێش دی.

کۆ:

1- پیاوییێمان دی.

2- پیاوییێتان دی.

3- پیاوییێشان دی.

ڕاناوی خۆیی (یۆ-) پاشگری پێوە دەلکێ:

(من یۆم مەوینی.)

(من خۆم دەبینم.)

<u>سار لی</u> یان <u>سارلوو</u>، کەلەنزیك ئاسکی کەلەك دەژین، کاکەیی ڕەسەنن. هەروەکوو ئیدمۆنز (1957، 195) مەزەندەی کردووەو مووسا (1988، 168) تێبینی کردووە. لەڕاستیدا ئەمانە خۆیان ڕقیان لەزاراوەی سارلوو دەبێتەوە کە دراوسێکانیان وایان پێ دەڵێن. ئەوانەی من لەنزیك گوندی (سفەییە)ی نزیك ئاسکی کەلەك

چاوم پێکەوتن، سەر بەبنەماڵەی (ئیبراهیمی)ی کاکەیی بوون. دیارە ئەمانە زارەکەیان لەنێوان شەبەكو ماچۆ دایە.

دواجاریش زەنگەنە هەن کە هاوپەیمانییەکی خێڵەکین و لەباشووری ڕۆژهەلاتی کەرکووكو لەنزیك خانەقین دەژین. ئەوانیش بەزارێکی هەڕەمە دەدوێن کەپەیوەندی بەهەورامییە ئاشکرایە. نموونە:

| زەنگەنە | ماناکەی |
|---|---|
| نان مۆروو. | نان دەخۆم. |
| من نانم وەرد | من نانم خوارد. |
| ئا پیاو مەوینی. | پیاوەکە دەبینم. |
| ئا پیاوما دی. | پیاوەکەم دی. |
| چەم | چاو |
| چەمی من | چاوی من – چاوم. |
| من ماچوو. | من دەڵێم. |
| من واتم | من گوتم. |

ئیدمۆنز (1957، 195) بەمانە دەڵێ (کوردی قزلباش)، بەلاّم زانیاریدەرەکانی ناوچەکە

دەیانگوت ئێمە سوننین. جێی سەرنجە یەکێ لەزانیاریدەرەکان گوتیشی بەواقیع سەراپای ناوچەی گەرمیان تا ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەم زەنگەنە بوونە. لەوە دەکا زەنگەنە، زۆر بەم دواییە، بەفراوانی لەناو دراوسێ سۆرانی زمانەکانیان توابووبنەوە. لەڕاستیدا، ڕەنگە هێشتا زاری تری وەکوو هەورامی لەناوچەکە هەبن: یەکێ لەزانیاریدەرەکان باسی زاری (ڕۆشکاکەیی) دەکرد کە لەنزیك خانەقین قسەی پی دەکرێ.

ئەو زانیارییەی لەبەر دەستدایە، بەناتەواویشییەوە، بەلێڵی و ئالۆزی دەری دەخا کەئەو هەموو زارانەی باس کران سەر بەهەمان لقی زمانە ئیرانییەکانن و لەوە زیاتر بڵاو بوونەتەوە وەك بۆی دەچن (بڕوانە: مەکەنزی "گۆران"، "هەورامان" لە El2) بەڵام ئاشکرایە ئەم ژمارەیە ئەو کۆمەڵانە ناگرێتەوە کەلەسەرەوە ناویان هاتووە. جگە لەهەورامی، کە لەزنجیرە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی و هەڵەبجە دەژین، زۆربەی ئەو گیرفانە گۆرانانە دەکەونە ناوچە

گردۆلکەکانی سنووری نێوان ناوچە کوردیو عەرەبییەکانی کوردستانی عیراق، کەژمارەیەکی زۆری تورکمانیشی تێدا دەژی. ئەوپەڕی باکووری ئەم گیرفانانە، کەشەبەکو باجەلانن، لەڕووی جوگرافییەوە ئەوەندە لەزازا زمانەکانی هەرە باشوور دوورنین کە لەدەشتی دەوروبەری دیاربەکر ئاکنجین، بەڵام لەڕووی زمانەوانییەوە زۆر لەهەورامییەکانی لای ڕۆژهەڵاتەوە نزیکن.

بەگشتی، تا زۆربەم دواییە، زنجیرە جڤاتێکی گۆرانی زمانی سەربەخۆ نزیکەی بە بەردەوامی لەلێوارەکانی، جاروباریش لەناو، ئەو ناوچەیەدا هەبوونە کەزارەکانی کوردیی ڕەسەن قسەیان پێ دەکرد، زیاتر لەوەی "هەندێ دوورگەی ناوچەی چیایی... لەناو دەریای کوردی زمان" بن (مەکەنزی 1989، 541). ئەمانە بەکردەوە یەك ئەرخەبیلی تەواوی دوورگەی گۆرانی پێك دێنن بەدرێژایی ڕێگای مووسل تا دەگاتە خانەقینو ئەولاتر. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاژاوەی سیاسی ئەم دواییە، بەتایبەتی ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ، کە بەشێ بوو لەکردەوەکانی ئەنفالی بەدناوی 1988 ( –

دوا چارەسەری – حکوومەتی بەعسی بۆ کێشەی کـورد لـەعێراق) لەگـەڵ کارەسـاتی پەنابـەراتی 1991، تـا ڕادەیـەکی زۆر ئـەم دابەشـبوونە جوگرافییـەی تێـك دا. زۆر زەنگەنـەو هـەورامی و شـەبەك و هی‌تـر نیشـتەجێ کرانـەوە، یـان ڕاگوێزرانەوە بۆ (مجمعات)، یان ڕەوانەی داڵدەی ئاوەرەکان کران دوور لەئاوایی جارانی خۆیان.

گاڵەجاڕیی ڕۆژگار لەوەدایە کەدەبینین هەوڵ و تەقەلای حکوومـەت بـۆ تواندنـەوەی زۆرەملـی ئـەم کۆمەڵانـە لـەناو زۆرینـەی عەرەبـدا، تـەنیا بـوو بـەهۆی پتـەکردنی هەسـتی پێناسـەی هاوبەشـی کـورد لـەناو ئـەم هەموانـەدا: ئەمانـەش، وەکـوو کـوردی تـر، هـەمان چەوسـانەوەیان چەشـتووەو بـەرەو ڕووی هـەمان تونـدو تیـژی کاولکارانـە بوونەتـەوە. هـەروەکوو یـەکێ لەزانیاریـدەرە شـەبەکەکان گـوتی: "حکوومـەت بەئێمـەی گـوت: ئێوە عەرەبن، نەك کورد" باشە ئەگەر ئێمە عـەرەب بـین، ئـەی بۆچـی لەسـەر جـێ و ڕێـی خۆمـان دوورمان دەخەنەوە؟"

ناونانی ئەم کۆمەڵەی (یان ئەم کۆمەڵانەی) زارەکان، وەکوو پەیوەندی وردی نێوان ئەو کۆمەڵە ئیتنییانەی قسەیان پێ دەکەن، تا ڕادەیێک ئاڵۆزە. نووسەرە ڕۆژئاواییەکان زاراوەی "گۆرانی" وەکوو زاراوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئەم زارانە بەکار دێنن. زانیاریدەرەکانی من هیچ کامیان (جگە لەوانەی ئاشنای نووسینە ئەوروپییەکان بوون لەسەر بابەتەکە) هەرگیز زاراوەکەی بەم شێوەیە بەکار نەدەهێنا. کوردی عیراق (و حەسەنپووریش 1989) لەباتی ئەم زاراوەیە، دەستەواژەی "هەورامی" یان "هەورامانی" وەکوو زاراوەیەکی کۆکەرەوە بەکاردێنن، بەڵام لەوەش وردتر بەوزارانە دەگوترێ کەلەنزیک سنووری ئیران قسەیان پێ دەکرێ[12]. بەشێکی گیروگرفتەکە لەو ڕاستییەوە سەر هەڵدەدا کەخەڵکی ناوچەکە، زاراوەی وەکوو (گۆرانی) و (هەورامی) بەبێ جیاوازی، بۆ

---

(12) مان/ هەدەنگ (1930)و مەکەنزی (1966) هەورامی بەم مانا هەرە تەسککراوە بەکار دێنن.

نازنـاوی جـوگرافی، یـان ئیـتنی، یـان تەنانـەت کۆمەلایەتی بەکاردێنن (بەراوردی بکە لەگەڵ: ڤان پرونســـــن 1989، 139-150). ئاشـــــکرایە، توێژینـــەوەی فـــراوانترو بنچـــینەتر گەرەکـــە بـــۆ گەیشتن بەپۆلین کردنێکی لـەباری ئـەم کۆمەلانـەو زارەکانیـــان. لێـــرەدا، مـــن وەکـــوو پارێزکارێـــك، (هەرچـــەندە بـــەبێ دڵـــیش بـــێ) پـــێ لەســـەر (گـــۆرانی)دا دەگـــرم وەکـــوو نازنـــاوێکی گشـــتی، ئەوەشم لەبیرە کەچەند کەسێکی کەمی ناوچەکە هەربـــەم شـــێوەیە بـــەکاری دێـــنن، ئەمـــە هـــیچ ئـــەنجامێکی لـــەبارەی لکانـــدنی ئیتنییـــەوە لێ دەســـتگیر نابـــێ. حـــاڵی حـــازر گـــۆرانی زمانـــەکان خۆیان بەکورد دادەنێن، هەرچەندە دەشزانن بەو زارانـــە بـــدوێن کـــەکرمانجی و ســـۆرانی پێیـــان ئاشـــنانین و لەهەنـدێ بـاردا، تەقالیـدی ئـایینی و چـاندی جیاوازیشـیان هەیـە (بڕوانـە: ئیـدمۆنز 1957، 10)، دەشـــێ لـــەو ئالۆزییـــەی ســـەرەوە، بەئاسـانی تێکـەڵاوی لـەبارەی ئـەوەوە سـەرهەڵبدا ئاخۆ گۆران هەر بەڕاستی جیان لەکورد.

خـاڵێکی گـرنگ، کەپێویسـتە تێبـینی بکـرێ، ئەوەیە دیارە زۆر (نەك هەموو) گۆرانی زمانـەکان، بەتایبـــەتی ئەوانـــەی عـــیراق، پەیوەنـــدیان بەتایفەیـــەکی غـــولات (heterodox)ەوە هەیـــە کـــە لەچـەند ڕێبـازێکی سـۆفیگەری‌و لەکێشـەی نێـوان ئیمپراتۆریـــەتی ســـووننی عوسمـــانلی‌و ئیرانـــی شیعەی سەفەوی، لەسەدەی پازدەو شـازدە پەیـدا بووە. هەردوو زانیاریدەرەکەی شەبەك‌و زەنگەنەی من دەیـانگوت هـەموو ئەندامانی کۆمەڵـەی ئیـتنی ڕێزدارمـان سـوننی (orthodox)ن، لەگـەڵ ئەمەشـدا شـەبەکەکە نەیـدەتوانی – یـان نەیدەویسـت– بڵـێ مەزهەبەکـەی چییە! ئـەو ناڕەزایی پێشـان دەداو دەیگـــوت: "بەهـــەرحاڵ ئێمـــە هـــەموومان موسلمانین". بـەگوێرەی قسـەی ئیـدمۆنز (1957، 195) شـــەبەك‌و هـــەروەها زەنگەنـــەش کـــوردی قزلباشـن، واتـە لەخێڵـە شـیعە غولاتـە (نیمچـە تورکمـــان)ەکـــان کەوتوونەتـــەوە کـــەتا ســـەدەی حەڤـــدەم لـــەناو ڕۆژهـــەڵاتی ئیمپراتۆریـــەتی

عوسمـــانلی و ئێرانـــی ســـەفەوی کۆچ وڕەویـــان کـردووە[13]. هەبـەم جـۆرەش، کاکـەیی هـەواداری ئەودینـە هیتێردۆکسـەن کـەپێ دەچێ لـەڕێبازێکی سـۆفیگەری تەقلیدییـەوە گەشـەی کردبێ، لەگـەڵ ڕێزێکـــی هـــەرە زۆر بـــۆ عـــەلیی بـــرازای[*] پێغەمبەر[14]. هـەروەکوو گوتمـان زۆر، ئەگـەر چـی نـەك هـەموو، هـەورامانی زمانـەکان ئـەهلی هـەقن. لـــەخوارەوە دەگەڕێینـــەوە ســـەر بایـــەخی ئـــەم خاڵە[15].

---

(13) دەشـێ بۆچوونی زانیاریـدەرەکانم نموونـەی (تەقییـــە) بـــووبن کەبریتییـــە لـــە مـــەرایی بـــڕوای ڕاســتەقینەی مــرۆڤ کــە لــەناو شــیعەو تایفــەکانی تــر ڕێگای پێ دراوە.

(*) عەلیی برازای پێغەمبەر نییە، ئامۆزایەتی(و.).

(14) بـۆ زانیـاری زیـاتر لـەبارەی ئـایینی کاکـەیی، بڕوانـــە: ئیـــدمۆنز 1957، 190 ود، مینۆرســـکی، 1920.

(15) بڕوانـە سـوهرە وەیـدی (1965) و عـەززاوی (1972) بــۆ وەســفێکی دوورو درێــژتری گــۆڕانی مێژوویی لەبارەی ڕێبازە سوفیگەرییەکانی ئیسلامی و

ئەم کۆمەڵە زارە، وەکوو ئەوەی دادێ، لەڕووی ڕێزمانەوە تەواو لەوانە جیان کەتائێستا باس کراون و لەگەڵ هیچ کامیان تێگەیشتنی هاوبەشیان لەنێوان نییە. ئەمەیان لەهەندێ سیمای وشەسازیدا لەگەڵ زارەکانی باشوورو ناوەڕاست یەك دەگرێتەوە، بەلاّم هەروەکوو لەبەشی سێدا دەبینین، ئەم سیما هاوبەشانە بریتین لە شتی خوازراوە، لەمە بترازێ، گۆرانی بەتەواوی لەدراوسێکانی جیایە. هەر بۆ نموونە ئەمەیان، بەپێچەوانەی سۆرانی، سیستەمی دۆخی پاراستووە.

زاری هەورامی زمانی بارەگای میرنشینی کوردیی ئەردەلان بوو کەلەسەدەی حەڤدەم و

---

قزلباشی و کۆمەڵە هیتیرۆدۆکسەکان کەلێیان کەوتوونەتەوە، بەراوردیان بکە لەگەڵ مووسا (1988) بۆ زانیاری دوورو درێژتر، لەبارەی تایفە غولاتە جۆراو جۆرەکانەوە.

بەتایبەتیش لەسەدەی هەژدەم گەشەی سەند[16].
هەروەکوو گوتمان زاری بەربڵاوی گۆرانی زمانی نووسینی داستانو شیعری لیریکی بارەگاکەو زمانی نووسینی زۆر دەقی ئایینی ئەهلی هەق لەناوچەکەو زمانی نووسینی سترانی میللیش بووە کە لەناو بارەگاکەو لەدەرەوەی چڕاون (بڕوانە: سۆن، 1921، مینۆرسکی، 1920، 1943)[17]. هەروەکوو گوتمان، بارەگای ئەردەلان، لەئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەم، لەبەردەم بارەگای بابانی نزیکییەوە، کە لەسلێمانی دامەزرابوو، خۆری کەوتە ئاوابوون. شاعیرانی بابان تا ئەوکاتە بەزۆری هەر بەزاری باڵای گۆرانی دەیاننووسی، بەڵام لەسەرەتای

---

(16) بۆ زانیاری مێژوویی دوورو درێژتر لەبارەی بارەگای ئەردەلان، بڕوانە: نیکیتن 1922 و چەمکی "سنە" لە (EL1)ی هەمان نووسەر.

(17) تەنانەت ئەمڕۆش گۆرانی وشەیەکە کەسۆرانیو هەورامی بەرامبەر بەستران بەکاری دێنن کەچی کرمانجی هەر ستران بەکار دێنن.

(1800) بـــەدواوە بەســـۆرانی دەیاننووســـی کەئەوسا پایەیـەکی بـەرزی بەدەسـت هێنـا بـوو. حـاڵی حـازر، گـۆرانی تـەنیا سـێبەری ڕابـردووی خـۆی مـاوە: بـەزۆری وەرزێـری هـەژارو کـە لـە لا قسەی پێ دەکەن و بەکردەوە بۆتە زارێکی ئەدەبی دامرکـاوە، چـونکە ئەوەنـدەی مـن بـزانم، لـەم ساڵانەی دواییدا تـەنا یـەك شاعیر، سـەید تـاهیری هـاشمی، شـیعری گـۆرانی دادەنـا، کەدیوانەکـەی نـەختێ دوای مردنــی خـۆی لـە 1991 لەشـاری مەهاباد (ئیران) بڵاوکرایـەوە. لەلایـەکی تریشـەوە، حکوومەتی پەهلەوی ئیران بڕیاریدا زاری گۆرانی لـەبواری پەیوەنـدی گشـتیدا بـەکاربێ و لـەکۆتایی (1950)کاندا دەستی بەبڵاوکردنـەوەی پرۆگرامی گۆرانی کرد لەڕادیۆ. بێشك ئەمە هـەوڵێك بوو بۆ چـاندنی تـۆوی دووبـەرەکی لـەنێو هاوڵاتییـە کوردەکـانی خـۆی (بڕوانـە: حەسـەنپوور، 1989، 258)، حکوومـەتی عیراقـیش لـە (1975)ەوە بـۆ

هەمان مەبەست کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی گۆرانی لەڕادیۆ، (هەمان سەرچاوە: 271)[18].

لەکۆتاییدا، بەچکە زارەکانی زازایی دێن، کەهەندێکیان پێشیان دەگوترێ (دوملی) یان (دملی). ئەم زارانە لەناوچەی ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان، لەسێگۆشەی نێوان سیواس و تبلیس و دیار بکر، قسەیان پێ دەکرێ[19]، شایانی بایەخ و دیاردەیەکی ئاڵۆزە کە زازا زمانەکانی دەرسیم (تونجەلی ئەمڕۆ)

---

(18) بەلای حەسەنپوورەوە، ئەو بیردۆزە ڕۆژاواییانەی دەڵێن گۆرانی زارێکی کوردی نییە و گۆرانی زمانەکان کورد نین، سەرچاوەیەکی سەرەکی سوود وەرگرتن بوون بۆ سیاسەتی حکوومەتی ئێرانی.

(19) مووڵەر (1864) یەکەم هەوڵی داوە بۆ باس کردنی زاری زازایی زمانی کوردی. بڕوانە: مان/ هەدەنگ (1932) بۆ یاسی زارەکانی سیڤەرەك و کۆر (نزیکی بنگۆل/ی ئەمڕۆ) و تۆد (1985) بۆ ئەو شیکردنەوەی لەسەر یەك قسەکەری خەڵکی سیڤەرەك کراوە.

بەزمانەكـەی خۆیـان دەڵـێن كرمـانجیو بـەزاری كرمانجی ناوچەیی دەڵێن (هەڕە وەرە) (فەرمانی داخوازی بڕۆو وەرەی كرمانجییە) یان پێی دەڵێن كورداسـی. كرمـانجی زمانـەكانی ناوچـەكەیش بەش بەحاڵی خۆیان بە زازای دەرسیم دەڵێن (سۆ – بێ) (كەوەر و بڕۆ ی زازاییە).

(مـان)و ئـەوانیدی (دملـی) یـان وەكـوو جێگـۆڕكێی دەنگی (metathesis) (دەیلـەمی) لێـك داوەتەوە كەدەڵێن ئەمە وا دەگەیەنێ زازا بەئەسل دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی (دەیلەم)ی نزیك دەریای قەزوین، لەگەڵ ئەمەشدا، من نەمبیستووە هیچ زازاییەك لەناوچەی دەرسیم، یان ئەولاتر بەلای ڕۆژهەڵاتـەوە، بـە (دومـەیلی) یـان، (دومیلكـی) ئاماژە بۆ زمانی ئەسلی خۆی بكا (بەراوردی بكە لەگەڵ: ڤان برونسن 1989م، 455، ت 16).

زازایـی لەهەنـدێ لاوە لـەزارە كرمانجییـەكانی دراوسـێی جیـا دەبێتـەوە وەكـوو: ژمارەیـەك جیـاوازی دەنگسـازی (بڕوانـە نەخشـەی (1) خـوارەوە)و هەنـدێ سـیمای ڕستەسازی وەكـوو مـۆرفیمی كـاری بكـەر نادیـاری (یـە)و پاشـگری

ئێستایی (–ان– / –ن–) کە لەپێشگرەکانی کاری ناتـــەواو (-imperfect)ی زارەکـــانی کرمـــانجیو سۆرانیو گـۆرانی جیایـەو تاڕادەیـەك خواسـتنی وشەسـازیش لەئەرمـەنی (بڕوانـە: مـان/ هـەدەنگ 1930، 32–35). بـەم جـۆرە لـەزاری سـیڤەرەکدا (ئـۆ کشـەتۆ) (ئـەو دەکـوژێ)مـان هەیـەو بکـەر نادیارییەکەی (ئۆ کشیە نۆ) (ئەو دەکوژرێ)یە، ئەمەش بەرامبەر بە (ئەو دکوژە) (ئەو دەکوژێ)و (ئـەو تـێ کوشـتن) (ئـەو دەکـوژرێ)ی کرمـانجی دەوەسـتێ. خواسـتنێکی تـری وشەسـازی لەئەرمـەنی پێشـگری (نـا) کردنـی (چـ)ە، کـە شـێوازی نـاکردنی (کـاری پێوەنـد copula) پتـەوتر دەکا، بەم جۆرە (نوو/ نێو) دەبێ بە چ نێو (نییـە). بـەتێکڕایی، لـەوەدەکازازایی کەوتبێتـە بـەر کاریگەرییـەکی مەیلـەو بـەهێزی ئەرمـەنی، کـە تاسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم لەناوچـەکانی ئەوپـەڕی باکووری ئـەو هەرێمـە قسـەی پـێ دەکرا

کەئـەمڕۆ نزیکـەی هـەر هـەمووی کـوردی تێـدا دەژی[20].

زارەکـانی زازایـی هـەمویان هاوئاهـەنگ نـین. جیاوازیی زارەکی گرنگیان لەنێودا هەیە، نەك هەر تـەنیا لـەبواری دەنگسـازی، بـۆ نموونـە (س)ی دەرسیمی لەهەموو بەچکە زارەکانی دی دەبێ بە (ش)... بەڵکو لەبواری وشەسازیش، بۆ نموونە، سیستەمەکانی ڕاناوی کەسی جیاوازیی گرنگیان لەنێودا هەیە. پێویستە جەختیش بخرێتە سەر ئەوەکـە ناوچـەکانی زازا زمـان بـەهیچ جـۆرێ یەکزمانییان تێدا باو نییە. بۆ نموونە، لەو (127) خێڵـەی دانیشـتووی ناوچـەی دەرسـیم کـە دەرسـیمی (1952) نـاوی هێنـاون (90)یـان زازا زمانو (37)یان کرمانجی زمانن. نووسـەرەکانی زوو، کەلەسەر زازاییان نووسیوە، وەکوو ئەلفرێد ڤۆن لوکۆكو ئەنترانیگی قەشەی ئەرمەنی، وای بۆ

(20) بڕوانـە: ئاسـاتریانو گـەڤۆرگیان (1988). ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە زمانییـە تـا ئێسـتا مەیدانێکـە بەتەواوی لێی نەکۆڵدراوەتەوە.

دەچـــن کەزۆربـــەی ئەوانـــەی بـــەزازایی دەدوان، کرمانجیشیان دەزانـی، لەڕاستیدا، لـەناو کـوردی ئـــەم ناوچـــەیەدا، کرمـــانجی لینگۆفرانکـــای بازرگـانیو پەیوەندییـەکانی تـر بـووە (لـەمان/ هـــەدەنگ، 1932، 20 وەرگـــێراوە)[21]. ئـــەمڕۆ ئەوانەی بەم دوو بەچکە زارە دەدوێن، کەتووشـی یەکتر دەبن، بەزۆری بەهۆی زمانی تورکی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

---

(21) مـن زۆر جار تووشـی جۆرێکی ئـەمڕۆی ئـەم دوو زمانییـــە هاتوومـــە لـــەناو کـــوردە ئاوارەکـــانی ئـەوروپا. ئـەوان بـەدەم ئاخـاوتنی زازاییـەوە گـەورە ببـوون، بـەڵام پـاش ئـەوەی بـەتورکی خوێنـدبوویان، زمـــانی ڕەســـەنی خۆیـــان لـــەبیر چـــووبووەوە. کەگەیشـتبوونە ئـەوروپا، فێری کرمـانجی ببـوون، کـە بـەلینگوافرانکای کوردیـان زانیـوە بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ کوردەکـانی تـر. نموونەیـەکی تـری ئـەم دۆخـە جیاوازە ڕەنگە ئـەو سـەرنجە بێ کەبـەزۆری دەکەوێتـە بـەرگوێ گوایـە زازازمانـەکان کرمـانجی زۆر ئاسـانتر فێردەبن لەوەی کرمانجی فێری زازایی دەبن.

**چەند سەرنجێکی کۆتایی کۆزمانەوانی:**

زازایی بەتەواوی‌و هەر تەنیا لەلایەن کوردی ناخێڵەکییەوە قسەی پێناکرێ وەکوو لەقسەکانی دەرسیمییەوە دەردەکەوێ (1952)، کە وەکوو گوتمان، بەلانی کەمەوە ناوی (90) خێڵی زازایی دێنێ[22]. هیچ ئاماژەیەك نییە کەئەم خێڵە زازا زمانانەی دەرسیم لەبنچینەدا وەرزێری ناخێڵەکی بووبن (وبەسەرەڕۆییش، لەخێڵە کرمانجی زمانەکان زیاتر لەناوچەکەدا نەبوونە) بەکورتی، زازایی، ئێستا و ئەوەندەی ئێمە بزانین لەهەموو کاتێکدا، کۆچەریی (نیمچە) خێڵەکی و وەرزێری ناخێڵەکی وەکوو یەك قسەیان پێکردووە. هەروەها بەندیوارییەکی گرنگ لەنێوان زارە

(22) مارتن ڤان برونسن (لەپەیوەندییەکی تایبەتیدا) پێی ڕاگەیاندم کەخێڵە زازاییەکان وەکوو خێڵە کرمانجی زمانەکانی خێڵی ئەلیکان یان میللی کۆچ و ڕەوی دوورو درێژ ناکەن. ئەوان کۆچی وەرزیان لەلا باوە.

زازاییەکان‌و ئیسلامی هیتێرۆدۆکسی[*] هەیە، هەروەکوو لەگەڵ گۆرانیش: ژمارەیەکی باشی زازا زمانەکان، بەتایبەتی لەناوچەی تونجەلی، عەلەوین، واتە شیعەی هیتیردۆکسن. بەڵام زازا زمانەکانی ناوچەکانی دی (بۆ نموونە: سیڤەرەك‌و دیاربەکرو بنگۆل) بەزۆری سوننی ئۆرثودۆکسن[23] ، جگە لەمەش، پەیوەندی نێوان زازاو ئایینی هیتێرۆدۆکسی پەیوەندییەکی گرنگە، هەروەها لێکچوونی نێوان ئایینی عەلەوییەکان‌و ئەهلی هەق (بەراوردی بکە لەگەڵ:ڤان برونسن 1989أ،13-151).

(*) دیارنییە مەبەستی نووسەر لەئیسلامی هیتێرۆدۆکس چ زارو زمانێکە (و.).

(23) بیومك (1989)و ڤان برونسن (1989ب، 614) دەڵێن عەلەویی کورد لەڕووی ئیتنییەوە، خۆیان لەتەك عەلەوییە تورکزمانەکان، زیاتر لەکوردی سوننی بەیەك شت دەزانن، جا چ زازایی بن‌و چ کرمانجی.

زازا، بەکردەنی، هیچ بەرهەمی ئەدەبی نووسراویان نییە: کۆنترین نموونەی سەرچاوەی نووسراوی زازایی دوو <u>مەولوود</u>ن کە بەئەلف و بێی عەرەبی نووسراون و لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بڵاوکراونەتەوە. یەکێکیان ساڵی 1930 لەشام بلاوبۆتەوە. هەموو تۆژینەوە ڕێزمانییەکانی پێشتر لەسەر زمانی قسە کردن دەوەستن. یەکەم هەوڵ و تەقەلای ڕەسەن بۆ داهێنانی بەچکەزارێکی زازایی وا بۆ مەبەستی (پەیوەندی گشتی) بگونجێ، لەئاخرو ئۆخۆی (1970)کاندا، لەگۆڤاری (تیریێژ) دەرکەوتووە. ئەم گۆڤارەش، دوای دەرچوونی سێ ژمارەی، لە 1980 قەدەغەکرا. لەوساوە، ژمارەیەکی کەمی نووسەران شیعرو کورتە چیرۆك و وتاریان لەبڵاوکراوە دەورییەکانی تاوارگەی وەکوو (هێڤی) و (بەربانگ) بڵاوکردۆتەوە کەدەقی کرمانجی و سۆرانیشیان تێدایە. زۆر بەم دواییەش بەرهەمیان لەو گۆڤارانە بڵاو کردۆتەوە کەبەتەواوی بەزازایی نووسراون وەکوو (<u>پیا</u>) و (<u>ڕاشتییە</u>) کەپەیڕەوی هەست و سۆزێکی تایبەتی

نەتـــــەوەخوازیی زازایـــــی دەکـــــەن (وداوای زازایســـتانێکی ســـەربەخۆ دەکـــەن)" بـــەڵام ئـــەم بڵاوکراوانـــە ڕەنگـــە تـــەنیا بەدەســـتی ژمارەیـــەکی کـەمی خوێنـەران بگـەن. نووسـەری هـەرە گرنگـی هاوچـــەرخی زازایـــی (مالمیســـانژ)ە، کەئێســـتا لەسـوێد دەژی، بـەردەوام دەقـی شـیعرو پەخشـان لـــەبڵاوکراوە دەورییـــە جۆراوجۆرەکـــان بـــڵاو دەکاتـەوە. سـاڵی 1987 فەرهـەنگێگی (زازایـی – تورکی) شی بلاوکردەوە.

لەئەنجامـدا، دیـارە جێـی متمانەیـە بڵـێین زۆر لـــەوەناکا زازایـــی ببـــێ بەهۆیـــەکی بـــەربڵاوی نووســـین و خوێنـــدن، هەرچـــەندە گەشەســـەندنی خۆناسـینی زازا زمانـەکان و زیـاد بـوونی ژمـارەی شریتی تۆمارکراوو موسیقا کەبـەزازایی دەچڕێن (لەلایـەن گۆرانبێـژانی وەکـوو: یـەلماز چـەلیك و قـەدری قـەرەقۆزو هەنـدێجار تەنانـەت شـوانیش) ڕەنگـە بەشـداری زنـدوو ڕاگـرتنی زارەکـە بکـەن وەکوو زمانی قسەکردن لەپەیوەندی گشتیدا.

# بەشی دووەم

## بۆماوەیی و پەیوەندی تری نێوان زارە كوردییەكان

ئێمە سەرنجێكی خێراو كورتمان لەبارەی لایەنە زمانەوانی و كۆزمانەوانییە هەرە گرنگەكانی هەموو زارە كوردییەكان پێشكەش كرد. ئایا ئەو زارانە، یان ئەو كۆمەڵە زارانەی لەسەرەوە باس كران چ پەیوەندییەكیان بەیەكەوەو بەزمانە هیندو ئێرانییەكانەوە هەیە؟ بۆ ئەوەی بیرێكی پەیوەندی بۆماوەیی نێوان ئەمانە پێشكەش بكەم" سیما دەنگسازییە هەرە گرنگەكانم لەخشتەی (1)ی خوارەوەدا نووسیوە

**کەبەشێوەیەکی سەرەکی پوختەی بیروڕای (بلۆ 1989أ،ب)یە[24]:**

**خشتەی (1)هەندێ هێڵی جیاکەرەوەی زمانەوانیی زمانە ئیرانییەکانی ڕۆژاوا**

| ئیرانی کۆن | فارسی نوێ | کرمانجی | سۆرانی | گۆرانی | زازایی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| * هو- | خ-<br>خورد | خو-/ خۆ-<br>خوار | خۆ-<br>خوارد-/<br>خۆ- | و-<br>وارد- | و-<br>وەرد |
| * ژ | ز<br>زەن- | ژ<br>ژن | ژ<br>ژن | ژ<br>ژەنی | ج<br>جەنی |
| *ز | د-<br>دان | ز-<br>زان | ز-<br>زان | ز-<br>زان | ز-<br>زان |
| * ڤ م- *<br>مم<br>*-خم | -م<br>نام- | -ڤ/-و<br>ناڤ | -و<br>ناو | م-<br>نامی | -م<br>نەم |

---

(24) نموونەکانی گۆرانی بەرەنجامی سەرنجی تایبەتی خۆمن (زاری بیارە)، ئەوانەی تر لەسەرچاوەی بلاوکراوەی ناسراوەوە وەرگیراون، وەکوو مەکەنزی (1961أ)و تۆد (1985). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: تێدێسکۆ (1921)، مەکەنزی (1961 ب)، بلۆ (1989أ،ب)، ئۆرانسیکج (1977).

لـەم خشـتـەیەدا دەردەكـەوێ كـەكرمانجی و سـۆرانی بەئاشـكرا سـەر بەكۆمەڵـەی بـاكووری ڕۆژئـاوای زمانـە ئیرانییـەكانن چـونكە ئەمانـە لەهەنـــدێ ســـیمای هـــەرە زەق بەشـــدارنین كەزمانـەكانی باشـووری ڕۆژئـاوا جیادەكەنـەوە، كەهێشتا لـەقۆناغی فارسـی كۆنـدان، بەتایبـەتی گـۆڕانی(ز–)ی ئیرانـی كـۆن بـۆ (د–)و گـۆڕانی (ژ)ی ئیرانـــی كـــۆن بـــۆ (ز–)ی فارســـی نـــوێ (شێوەیەكی نزیكی (ج–) لەهەندێ بەچكەزاری دەرسـیمی سـەربەزازایی هەیـە، بـەڵام ئاشـكرایە ئەمـــە نموونەیـــەكی تایبـــەت بـــەو زارانەیـــە كەبریتییە لە (خشـۆكی fricative)ی مەڵاشـوویی (palatized) و ئـــــەو لەرزۆكانـــــەی (fricative) مەڵاشوویی خۆیان لەدەست داوە.

بەشــێوەیەكی گشــتی، ئەگــەر چــی زمــانی ڕەســەنی كــوردی هەنــدێ ڕەگــەزی باشــووری ڕۆژئــــاوای تێدایــــە (مەكــــەنزی، 1961 ب، 79،86)، بـــەڵام بـــەتێكڕایی لـــە زمانـــەكانی باشووری ڕۆژئاوای وەكوو فارسـی نـوێ جیایـە (بـەراوردی بكـە لەگـەڵ: بلـۆ، 1989 ب، 329).

**خشتەکە ئەوەش دەردەخا کەزازایی و گۆرانی، هەرچەندە وەکوو یەك بەبێ ئاڵۆزی، بەشێکن لەکۆمەڵەی باکووری ڕۆژئاوا، بەڵام تەواو لەدوو زارەکەی دی جیان و زۆر لەنزیکەوە بەیەك دەچن. لەڕووی دەنگسازییەوە، خەسیەتە جیاکەرەوە هەرە ڕوونەکانی ئەم زارانە بریتییە لەگۆڕانی هیندو ئیرانی کە (*هو-) بووە بە (و-) و (*ب-) بووە بە (ڤ-/ و-). لەڕووی وشەسازییەوە، ئەمانە بەهۆی، بۆ نمونە، بەکارهێنانی ڕەگی (وە چـ-)ی (گۆرانی)، یان (ڤە-)ی زازایی، زیاتر لە (بێژ/ گۆت)ی کرمانجی و (گوت/ لێ-)ی سۆرانی، یان (گوفت-)ی فارسی نوێ بۆ فەرمانی (گوتن) لەکوردی ڕەسەن و فارسی نوێ جیادەبنەوە.**

**ئەمەش زۆرباش لەگەڵ ئەو سەرنجە هەرەباوە بەناویەکدا دەچێ کەدەڵێ ئەوانەی بەزازایی و گۆرانی دەدوێن دەتوانن زۆر بەچاکی لێك حاڵی بن، زۆر ئاسانتریش لەوەی کە ئەوانەی بەزازایی و کرمانجی، یان گۆرانی و سۆرانی دەدوێن. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ**

جیاوازییەکانی نێوان گۆرانی و زازایی بخرێنە پشت گوێ (بڕوانە: مان و هەدەنگ، 1930، 65–66، 1932، 24–26): بۆ نموونە زۆربەی زارەکانی گۆرانی پێشگری کاتی ڕانەبردوویان (می–/ ما–)یە، کەچی وەکوو دیمان زازایی پاشگری (–ان)ی بۆ ئەم مەبەستە هەیە.

بەپێچەوانەی مەکەنزی (1961ب)، من تەنیا جیاکەرەوەی زمانەوانیی دەنگسازیم بەکارهێناوە، چونکە ئاشکرایە زۆر سیمای وشەسازی لەزۆر ئاراستەوە خوازراون، هەرچەندە تەنانەت کەرەستەی دەنسازیش بی لێڵی و ئالۆزی نین. بەڵگەیەکی ئەمە ڕاناوی خۆییە کەزەحمەتە بەنیشانەیەکی لەگوینی خواستنێکی ئەم دواییە دابندرێ لەناو بەچکە زارە جیاوازەکانی گۆرانی. ئەمە وەکوو هێ لە شەبەك و یۆ لەماچۆ و وێ لەبیارە و وە لەهەورامیی تەوێڵەدا دەردەکەوێ. ئەمە لەهەموو شوێنێکا لەگەڵ پاشگری ڕاناوی کەسییدا دێ (بۆ بەراورد: ڕاناوە خۆییەکە لە سۆرانی و کرمانجی خۆ، یان خوە یە، لەزازایی

خـــۆ یـــەو لەفارســـی نوێـــدا خـــود ە، تـــەنیا لەســـۆرانیو فارســـی نوێـــدا پاشـــگری کەســـی وەردەگـــرێ.) هـــەروەها زارەکـــانی گـــۆرانیش، لـــەکاتێکا کەبەئاشـــکرا لەفارســـی نـــوێ جیـــان، سـیمای پێشـگری ڕانـەبردووی ئیخباریـان مـی/ مـە بە (مـی) فارسـی دەچـێ، هـەروەها لـەبارەی ڕانـــاوە کەســـییە ناڕاســـتەوخۆکانیش کـــە لەداڕشـــتنی هـــەبوون (possessive) و گـــەردانی زارەکـی بـەکاردێن (بـۆ نموونـە: وەکـوو لـەکاتی ڕابـردووی فـەرمانی تێپـەڕ لەماچـۆ). ئـەم سـیما هاوبەشـانە چـۆن پەیـدا بوونـە، بـۆ ئێسـتا ئەمـە بەسەریەکەوە ڕوون نییە.

مـــان (1909، 23ت) یەکـــەم کـــەس بـــووە تێبـینی کـردووە کـەجیاوازیی نێـوان زازایـیو گـــۆرانی لەلایـــەكو کرمـــانجیو ســـۆرانیش لەلایـەکی تـرەوە، ئەوەنـدە گەورەیـە کـەناتوانین بەزاری جیاوازی هـەمان زمانیـان دابنـێین. سـۆن (1921) دوای چـــەند ســـاڵێك، بەشـــێوەیەکی سەربەخۆ گەیشتۆتە هەمان ئەنجام. نووسەرانی پێشتر، بۆ نموونە: لێر چ ( 8،1857)و موولـەر

(1864) زازاییـان بەیـەکێ لـەزارە کوردییـەکان دانـاوە، ئەگـەر چـی ئەوانـەی بـەزارەکانی تـر دەدوان بەزەحمەتییـــەکی تایبـــەتی لـــەم زارە دەگەیشتن. ڕیچ (1836) بەشێوەیەکی گشتی لای دەکـرد بـەلای ئـەوەدا کـەگۆران لـەڕووی ئیتنییـەوە بخاتـە نـاو چـوار چێوەی کـوردەوە، ئەگـەر چـی هەنـدێ جـار دوو دڵ بـوو، چـونکە چـــاك ئاگـــاداری جیاوازییـــە زمانـــەوانی و کۆمەڵایەتییـەکانی بـوو لەگـەڵ خێڵـە جافـەکانی کوردی زمانی دەوروبەریان.

(مــان) بۆچــوونە زمانەوانییەکــەی ڕێــك خسـتووەو جـەختی کـردووە کەقسـەی ڕاسـتت دەوێ زازایی و گۆرانی زاری کوردی نین، بـەڵکو لقێکی سەربەخۆن لە زمانـە ئێرانییـەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو، جیاوازییە کە تەنیا بەزمانەوانی دادەنێ، نەك ئیتنی. ئەگەر چی هەندێ سیمای چـاندیی جیـاوازی تێبـینی کـردووە لـەناو گۆرانـــەکان. ئەگـــەر زازایـــی و گـــۆرانی، تـــا سەردەمی (مان)و (تا ماوەیەکی زۆر دواتریش) لەلایـەن خـەڵکی ناوچـەکەوە بـەزاری کـوردی

دانراین، ئەمە بەگشتی سەبارەت بەوە بووە کە گۆران و زازا زمانەکان، بەبێ دوودڵی، لەڕووی ئیتنییەوە بەکورد دانراون. بەجۆرێکی‌تر بڵێین زمان خۆی لەخۆیەوە پێوەرێکی ئیتنی جیاکەرەوەی زۆر گرنگ نەبووە، هەرچەندە ئەگەر هۆکاری تری ئایینی و خێڵەکی لەگەڵدابایە، وای لێ دەهات. ئەمەش ئەوکاتە باش دەردەکەوێ کەسەیرێکی سەرنج و تێبینی چاوەدێریکەرانی زووی دەرەوە بکەین. ئەولیا چەلەبی، نووسەری گەشتنامەی سەدەی حەڤدەم، لەکتێبی چوارەمی سیاحەتنامەکەیدا، زازایی بەیەکێ لەشازدە (لەشوێنی تر پازدە) زارەکانی کوردی دادەنێ. جێی بایەخە، ئەو، زمانی بارەگایی ناوچەکەی، کە لەتبلیس قسەی پی دەکرێ و پێی دەگوترێ (ڕۆژێکی) بەزارێکی کوردی دانـاوە، هەرچەندە لەڕاستیدا نموونەکانی وا دەردەخەن کەئەم زارە زۆر ئاشکرایە تورکی بێ و زۆر شتی خوازراوەی ئەرمەنی تێدا بێ (بڕوانە: دانکۆڤ، 1990). ئاشکرایە، بەلای ئەولیا چەلەبییەوە پێوەری

تـری جگـە لـەپێوەری زمانـەوانی هۆکـاری یـەك لاکەرەوە بوونە لەچەسپاندنی لکانی ئیتنییەوە.

بەهـەمان شـێوەش، تـوێژەرەوەی پێشـەگی دانیمـارکی کارسـتێن نیبـوور (1768)، کـە لەناوەڕاسـتی سـەدەی هـەژدەدا گەشـتێکی بەناوچـەکەدا کـردووەو لـەڕێی خۆیـا، لـە دیاربـەکرەوە بـۆ مـاردین، یەکـەو ڕاسـت بەناوجەرگەی خاکی زازازمانەکاندا تێپەڕیوە، بەڵام یەك تاکە جار چییە تێبینی نەکردووە کە ئـەم خاکـە کۆمـەڵێکی ئیـتنی جیـای تێدا بێ. لەبەرئەوەی خۆی نەکوردی دەزانیو نەتورکی. دیـارە زانیاریـدەرەکانی (کـەدیارە جێـی بـڕوا بوونـە) باسـی هـیچ جیاوازییـەکی زارەکـی یـان ئیـتنی ئێرەیـان بـۆ نـەکردووە. بـەجۆرێکی تـر بڵـێین، دیـارە لەوکاتـەدا، ئەوانـەی بـەزازایی دواون (وەك هــەن) لــەکوردی تــر جیانەکراونەتـەوە. لەوماوەیـەدا، ئـایین سـنوورێکی ئیـتنی زۆر گـرنگتر بـووە لـەزمان، بـەڵام تەنانـەت ئـەم سـنوورەش تـەواوو کامـل نەبووە. (نیبـوور، ل 370) بەئاشکرا باجەلانو

لــەكو ســارلی بــەكورد دادەنــێ. بــەم جــۆرە، گـۆرانیو زازایـی لـەڕووی ئیتنییـەوە، لەهـەموو حاڵێكدا زمانی كوردی بوونە.

هەڵوێســتی پێچــەوانەی ئەمــەش هــەبووە (واتــە: زارێكــە لــەڕووی زمانەوانییــەوە بڵــێین كوردییە، بەڵام قسەپێكەرەكانی خۆیـان بەكورد دانــانێنو كــوردیش نــین). نیبــوور، لەســەر بنچینەیەكی خوڕی ئایینییەوە، یەزیدییەكانی بەكۆمــەڵێكی ئیــتنی ســەربەخۆ دانــاوە كــە بــەكرمانجی دەدوێــن، بــەڵام كرمــانجی زمانــە ســوننییەكان بــەزۆری بــەكوردیان دانــانێن. (بڕوانە: ڤان برونسن، 1989 ب، 614) لەگەڵ ئەمەشــدا، لــەم ســاڵانەی دواییــدا، دیــارە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوە خوازییەكی كوردی دنیـایی، شــان بەشـانی شـتی تـر داوا دەكـا كەكورد لەبنچینەدا زەردەشتی بوونە، ئەمـەش بۆتــە هـۆی پەیـدا بـوونی دیـدێكی فـراوانتری ئێزدییــەكان كەئێســتا بــەزۆری واناســراون كەئاییینی ڕەسەنی خۆیان پاراستووە. بەم جۆرە ئەمانـە، بەمانایـەك، (پـاكترین) كـوردن. لێـرەدا،

كـوردی سـووریا بەخۆشـحاڵییەوە، بەئاشـكرا دەڵـێن ئێمـە ئێـزدین، یـان خۆیـان گوتـەنی "باوەڕیان بەزەردەشت هەیە."

بەلایـەنی كەمـەوە، تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، هـیچ دەوسـی دەرك كردنێـك بەناسـنامەی تایبـەتی زازایـی دیـار نییـە. لـەوەدەكا ئەوسا هۆكـاری خێڵـەكیو جـوگرافیو بەتایبـەتیش ئـایینی لەهـەموو كاتێـك بـەهێزتر بووبن.[25] تا زۆر بەم دواییە، زازایی بـەزارێكی كوردی دادەنـراو هیچـیتر، چونكە زازاییـەكان

(25) مـن خـۆم زەماوەنـدی تێكـەڵاوی زمانـەوانیم لەتونجەلی بینی، واتـە: پیاوێكی زازایـی زمـانی سـەر بـەخێڵی قوڕەیشـان، ژنێكـی كرمـانجی زمـانی لـەخێڵی ملـیو خـەڵكی پوولوومـوور هێنـا بـوو، هـەردووكیان عەلـەوی بـوون. وادیـارە ئیندۆگـەمی endogamy (زەماوەندی خۆبەخۆیی) لەنێو ئەندامانی یـەك خێڵدا (ولـە ناویـەك زاردا) ئـەمڕۆ ئەوەنـدە بەتونـدی پـەیڕەو ناكرێ، هەرچەندە ئەمە لەنێو هێلە ئایینییەكاندا هـەر دەمێنێ.

بــەکورد دادەنــران.[26] دەشـــێ هـــەمان قســـە لــەبارەی گــۆرانی زمانــەکان بکــەین. ئەمانــە، کەسەر بەخێڵێکی تایبەتین، یان لەوەش گرنگتر سەر بەکۆمەڵێکی ئایینی تایبەتین زیاتر لەوەی ســەر بــەجڤاتێکی زمانــەوانی بــن، لەوەدەچــێ خەسیەتی ئیتنی زۆر گرنگیان هەبێ. لەمەدا، ئــەوان لــەکوردە کرمــانجی زمانــەکان جیــاواز نەبوونە.

سەرهەڵدانی هەستی ناسنامەی هاوبەشیی کوردی لـەناو هـەموو کـورددا، بێڕەچاوکردنی چینی کۆمەڵایەتیو لکانی خێڵەکی یان ئایینی، گەشەکردنێکی مەیلەو ئەم دواییە بووە (بڕوانە: ڤانبرونســن، 1989،ب). ئــەو هەســتەش هــەر لەگەڵ ئەوەی کەسەری هەڵداوە، بێگومان بۆ یەکجارەکیو هەتا هەتایە نەچەسپاوە، بەڵکو

(26) لەڕاستیدا، دیارە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر شــارەزابوونی بەرهـــەمی نووســـەرانی ڕۆژاوا، دەوری خـــۆی لەســـەرهەڵدانی نەتەوەخوازییـــەکی زازایـــی تایبەتی لەنێو ئاوارە خوێندەوارەکان بینیوە.

لەئـــەنجامی کـــارلێکی لەگـــەڵ پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتیو سیاسیی دنیای دەوروبەر گەشەی کـــردووە. جیـــاوازیی ئـــایینیو خێڵـــەکی بـــۆ ماوەیـــەکی زۆر بـــەردەوام بـــوون. بـــۆ نموونـــە: بڕیـاری بەشـداری کـردن لەشۆڕشـە گـەورەکانی کورد لەکۆماری تورکیا (شێخ سەعید، دەرسیم) زیـــاتر بـــۆ هۆکـــاری ئـــایینی، یـــان ئەنـــدامێتی خێڵێـــك یـــان کۆنفدراســـیونی خێڵـــەکی، دەگەڕایەوە تا هۆکاری زمانەوانی.

لەشۆڕشی شێخ سەعیدا، کەبەسەرکردایەتی کـــوردی ســـوننی زازایـــی زمـــان بـــوو، کۆنفدراسیۆنی ملی کرمانجی زمانو خێڵەکانی جبرانو حەسـەنان بەشـدارییان تێدا کرد، بەڵام خێڵـــە عەلەوییـــە زازایـــی زمـــانو کرمـــانجی زمانـەکان بەتونـدی لـەدژی شۆڕشـەکە وەسـتان. لـەم حاڵەتانـەدا، سـنووری ئـاییــنیو خێڵـەکی زیـاتر لەزمانـەوانی دەوریـان هـەبووە (بڕوانـە: ئولســـن 1989، 95). لەشۆڕشـــی دەرســـیمی 1937–1938، تـــەنیا خێڵـــی عەلـــەویی بەشدارییان کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم سنوورانە ڕەنگە لەگەڵ گۆڕانی هەستی نەتەوە پەروەریی کوردیو لەژێر کاریگەری سیاسەتی سەختی حکوومەت، گرنگییان کەم بووبێتەوە. لەکۆماری تورکیادا، زازایی زمانو کرمانجی زمانو کوردی سوننیو عەلەوی هەموو وەکوو یەك بەرەو ڕووی هەمان چەوسانەوەو هەوڵی بەزۆر توانەوە بوونەتەوە. هەروەکوو کرمانجی زمانو سۆرانی زمانو گۆرانی زمانەکانیش، هەموو، چ موسلمانی ئۆرتۆدوکس بن یان هیتیرۆدۆکس، بێ ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی یان ئینتیمای تر، وەکوو یەك چەوساونەتەوە. هەروەکوو لەبەشی (1)دا دیمان، سیاسەتی حکوومەتەکانی عیراق یارمەتی گەلاڵە بوونی هەستی ناسنامەی هاوبەشی کوردانەی داوە لەنێو کۆمەڵە ئیتنییە جۆربەجۆرەکانەوە کەوەکوو یەك تووشی چەوسانەوە هاتوون.

ئەمە تەنیا یەك نموونەیە بۆ ئەو خاڵە گشتییەی کەئەوەی بڕیاری بنچینەیی لەسەر پێناسەی ئیتنی دەدا هۆکاری بابەتی وەکوو

زمان نییە (بەمانای بۆماوەیی و زمانەوانی)، بەڵکو زیاتر هۆکاری خودی یە وەکوو دەرك بەخۆکردن و ئەو بایەخەی بەم ڕاستییانە دراوە (کەئەمەش، هەروەکوو دیمان، جێی گفتوگۆیە) (ئیزاژیف 1974).

قسەکردن بەکرمانجی، یان سۆرانی، یان گۆرانی، یان زازایی (یان هیچێکیان وەکوو حاڵەتی زۆر کوردی تورکیا) خۆی لەخۆیەوە بەڵگەیەکی هەرە کەم نییە لەچەسپاندنی پێناسەی ئیتنی مرۆڤ. گرنگ ئەو بایەخەیە کەزمانەکە بۆ ئاخێوەرەکانی دەهێنێ (بڕوانە: فیشمان 1977).

پێناسەی کۆمەڵەی ئیتنی، لەڕەوتی کارلێکی لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیدا، بڕیاری لەسەر دەدرێ و گەشەدەکا (بڕوانە: بارث 1969). سنووری ئیتنی بەیەکجارەکی نەچەسپاوە، بەڵکو بۆی هەیە لەهەر کاتێکدا، ئەو سنوورە دروست بکرێ، یان تێك بدرێ، یان ببەزێنرێ، ئەمەش یان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبێ، بەهۆی کردەوەی

دانوستاندنی کارلێکی نێوان ئەو کۆمەڵانەی لەپایەو دەسەڵاتدا یەکسانن، یان بەخورتی دەبێ لەئەنجامی ڕووداوی گرنگی کۆمەڵایەتی – سیاسی، یان لەئەنجامی نەخشەڕێژی حکوومییەوە.

خاڵێکی تری پەیوەست ئەوەیە، چەمکی دروست کردن/ ی کۆمەڵە یان کۆمەڵەکانی ئیتنی کوردی بەشێوەیەکی گشتی زۆر لە چەمکی بنچینەی کۆمەڵەکە خۆی گرنگترە. لەڕاستیدا، بەزۆری مەسەلەی بنچینە ئەوەندە هەلە نییە وەکوو بەهەڵەبراوە. ئێمە لەباتی ئەوەی زیاتر، بەبێهوودە، بڵێین، بەدوای بنچینەی زازا، یان ئەهلی هەق، یان ئێزدییان دا بگەڕێین، پێویستە لەوە وردبینەوە ئاخۆ ئەمانە چۆن بوون بەکۆمەڵەی ئیتنی جیاواز. ئەو کردەوانەی دەوریان هەیە لەڕووی ئیتنۆجینیسییەوە باشتر دەردەکەون تا لەڕووی بنچینەییەوە. لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانەی هەن نموونەی جیاوازیان تێدایە بۆ ئەو کۆمەڵە گەلە، یان کۆمەڵە گەلانەی سنووری ئیتنی

جیاوازیان بڕیوەو بوونەتە کورد: نموونەیەك بۆ کۆمەڵەیەکی خێڵەکی کە لەمێژوویەکی مەیلەو نزیکەوە بوونەتە کورد خێڵی (کەرە گەچ)، یان (کەرە کەچلی)یە (ڤان برونسن، قسەی لێ کردووە 1989 ب): ئەم خێڵە خێڵێکی تورکمانی ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵ بوو، سوڵتان سەلیمی یەکەم (1514 – 1520) بەشێکی لەمانە گواستەوە بۆ (کەرە چداغ)ی نزیك دیاربەکر. ئەم بەشەیان وردە وردە، بەهۆی ژن و ژنخوازی و تێکەڵاوییەوە لەگەڵ کوردە دراوسێکانیان، بوون بەکورد و کەپاشان دووبارە لەسەدەی (19)دا ڕاگوێزرانەوە بۆ ناوچەی باشووری ئەنکەره[27] هەر بەکوردی مانەوە. بێگومان ئەم کۆمەڵە ڕاگوێزراوە، شان بەشانی گۆڕانی ناسنامەی ئیتنی، بەگشتی،

---

(27) سا یکس (1908، 472) دەیانخاتە لیستی زازازمانەکانەوە، بەڵام لەوەدەکا ئەمە ڕاست نەبێ: مارتن ڤان برونسن بیستوویەتی خەڵکی ناوچەکە بەم زارەیان گوتووە (کوردی پیس) نەك زازایی.

تووشی وەرچەرخانێکی زمانەوانی گەروە هات.
نموونەیەکی تری بابەتەکە ئەو ئەرمەنە زۆرانەن، بەتایبەتی ئەوانەی لەناوچەی دەرسیم دەژین، کەلەماوەی سەدەی نۆزدەدا بوون بەئیسلامی (غولات)و بەم جۆرە لە مێژوویەکی تا ڕادەیەك نزیکدا بوون بەکورد (بڕوانە: مۆلینو – سیل 1914).

کەواتە دیارە شتێکی بەجێیە کە زازاییو گۆرانی وەکوو (زارە کوردییەکان) وەربگرین بەمانای ئیتنی فراوان، نەك بەمانای زمانەوانی تەسك. حاڵی حازر، ئەوانەی بەم زارانە دەدوێن بەگشتی خۆیان بەکورد دادەنێن.

# بەشی سێیەم

## ڕەگەزەکانی گۆرانی لەناو کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی)

هەروەکوو لەبڕگەی پێشوودا دیمان، لەزارە کوردییەکان، بەمانا گشتییەکەی، کرمانجی و سۆرانی لەلایەك و زازایی و گۆرانی لەلایەکی ترەوە، جیاوازیی ڕێزمانی ڕوون و نالێڵیان لەنێودا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، سۆرانی، بەژمارەیەك خاڵ، لەکرمانجی جیا دەبێتەوە کەمەکەنزی (1961ب، 81 و ب د) یەکەم کەس بووە تێبینی کردووە. لەوەدەکا ئەم سیما جیاکەرەوانەی زارەکانی باشوورو ناوەڕاست سەبارەت بەکاریگەری گۆرانی بێ. مەکەنزی چوار حاڵەتی هێناوە کە (دیارە دەبێ کوردی

ناوەڕاستو باشوور بەکەوڕاست شتیان لە گۆرانییەوە خواستبێتەوە):

1. گەردان کردنی فەرمانی بکەر نادیار: مۆرفیمی فەرمانی بکەر نادیاری سۆرانی (–رێ/ –را)، بەرامبەر بە (–یێ–/ –یا–)ی گۆرانیو زازایی دەوەستێ، کەچی لەکرمانجی‌دا فەرمانی یادیدەری (هاتن) بەکاردێ.

2. پاشگری ناسیاویی –ەکە–. ئەمە لەزازاییش هەیە.

3. پاشپرتکی (post verb) چڕکردنەوە –ەوە– بەرامبەر بەپێش پرتکی (pre verb) – ڤە–ی کرمانجی.

4. داڕشتنی (لێکدراوی کراوە) بەهۆی پاشگری (–ە) بۆ گرێی ناوی ناسراو لەگەڵ سیفەتدا (epithet) (بۆ نموونە: کچ –ە جوان–ەکە). مەکەنزی زیاتر کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆش دەبینی تا خواستنی ڕاستەوخۆ لە:

5. مانەوەی ڕاناوی کەسی – enclitic– کە لەکرمانجیو زازایی‌دا نەماوە.

6. سیستەمی ئاسانکراوی ئیزافە: لەزارە کوردییەکانی ناوەڕاست، کەسیستەمی خۆیان پاراستووە، ئیزافە وەکوو مۆرفیمی دۆخی (oblique)ی لێ هاتووە. لەزارە بێدۆخەکانیشدا بۆتە یەك شێوەی تاك (ی). مەکەنزی ئەم گۆڕانە بۆ (بەیەکدا هاتنی نێوان دوو سیستەمی)ی کوردیی گۆرانیو ناوەڕاست دەباتەوە (1961ب، 82).

هەر لەبەر ئەم خەسیەتە هاوبەشانەش، مەکەنزی لای وایە "ئەو ئەنجامەی هەر دەبێ بێتە دەست ئەوەیە کەئەم زارانەی کوردی (ناوەڕاستو باشوور) بەسەر بنکرێکی گۆرانیدا داکشاون، کەچی زارەکانی باکوور تاڕادەیەکی گەلێ زیاتر پاکیی خۆیان پاراستووە (1961 ب، 86). لەڕاستیدا، ئەم جۆرە ئەنجامە، بەهیچ جۆرێ، تاکە ئەنجامێك نییە کەبتوانین پێی بگەین. دەتوانین هەوڵ بدەین ئەم خاڵی بەیەك گەیشتنە، بەزۆر ڕێگای جیاواز لێك بدەینەوە:

وەکوو تازەکردنەوەیەکی تەریبی شان بەشانی سروشتیی (sprachband-like)، وەکوو

خواســتنی بــالاّ، یــان وەکــوو تازەکردنــەوەی تایبەت بەکرمانجی.

بەلایەنی کەمەوە دەکرێ دوو لەو حاڵەتانەی بــاس کــران وەکــوو یــەك، ڕەنگــە بــەجۆرێکی پەسـندتریش، بـەوەلێك بدرێنـەوە کـە وەچـەی یەك دەیبابی هیندو ئیرانین: ئەڤیستا و فارسی کۆن مۆرفێمیکی فەرمانی بکەر نادیارییان هەیە زۆر لـەوەی گـۆرانی دەکا ( -ییا-، -یا- و -یــێ-/ -یــا-، یــەك لــەدوای یــەك)و ڕانــاوە تابعــەکان (enclitic) ی فارســی کــۆن و نــوێ بەکردەنی وەکوو ئەوانەی هەندێ بەچکە زاری گۆرانی وان. ئاشکرایە، بۆچوونی پارێزگاریی، خۆی لەخۆیەوە مایەی لێکدانەوە نییە، چ جای بنکڕ. لەو حاڵەتەدا ڕەنگە ئەرکی لێکدانەوەکە زیــاتر بکەوێتــە ســەر نوێکــاری تایبــەت بەکرمانجی (نەمانی گەردانکردنی فەرمانی بکەر نادیارو ڕاناوە تابعەکان).[28] لەهەمان کاتیشدا

(28) هەڵوێســتەکە لــەبارەی نــەمانی ڕانــاوە تابعــەکان لەڕســتیدا خراپتریشــە: ئەمانــە لــەکرمانجی و لــەزازایی

هیچ هۆی تایبەتی بەدەستەوە نییە گریمانەیەك بکا کەسادەکردنی ئیزافە لەئەنجامی بنکڕییەوە بووبێ: لەوانەیە ئەویش هەر سەبارەت بەگۆڕانەکانیی ناوەوەی کوردیی ناوەڕاست بێ بەرامبەر بەنەمانی سیستەمی دۆخ (کەمەکەنزی هۆی دەرەکی بۆ ئەمەیان نابینێ).

ئەمەش وا دەکا لەسەر گیرەی (–ەکە– / –وە)و داڕشتنی (لێکدراوی کراوە) بوەستین کە لەڕاستیدا بنکەیەکی لاوازە بۆ دەست پێکردنی گەنگەشەی بنکڕ. وادیارە گۆرانی یان سۆرانی هیچ کایگەرییەکی دەنگسازی یان ڕستەسازی شایەنی سەرنجیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی زۆری واژەیی لەناوایە. فەرهەنگە سۆرانییەکەی وەهبی و ئیدمۆنز چەند خواستنێکی کەمی گۆرانی تێدا هاتووە، بەڵام ژمارەکەیان زۆر لەکامڵییەوە دوورە. مەکەنزی (1966) ژمارەیەکی باشی کەرەستەی واژەیی

---

هەردووکیاندا، نەماون. بۆیە لێکدانەیەکی تر گەرەکە بۆ ئەم لێك نزیك بوونەوەیە بەڵام نەك لەڕوانگەی بنکڕییەوە.

دێنـێ کـە لەسـۆرانی و گـۆرانی، هەردووکیانـدا، هەن، بـەڵام لـەکرمانجی‌دا نین. ئەمانـەش بریتین لەکەرەســـتەی کولتـــووری تایبـــەتی وەکـــوو جل‌وبـــەرگ‌و ئامێرەکـــان، هـــەروەها دانـــەواژەی بنچینەییشـیان تێدا هەیـە وەکـوو تـەعبیرەکانی ئەندامـــــەکانی لـــــەش‌و زاراوەی ڕەنگـــــە بنچـینەییەکان. ئـەوەی جێـی سـەرنجە زۆر لـەو جۆرە کەرەستانە، بۆ نموونە، لەفارسـی نوێش هـەن (بـۆ نموونـە وەکـوو لەکرمانجیـدا کەسـک بەرامبەر بە سەوز لەسۆرانی و سەوز لەگۆرانی و سـبز لەفارسـی) و لەوانەیـە سـۆرانی زمانـەکان هەردوو کەرەستەی کوردی و گۆرانی بەکاربێنن (بۆ نموونە: ڕەش یا سیا، بەرامبـەر بەسیا و ی گرانی)، ئەمەش خۆی لەخۆیەوە زیاتر ئاماژەیە بـــۆ خواســـتنەوە تـــا وەرچـــەرخان. لـــەبارەی ژمارەکانـــەوە، هەنـــدێ جیـــاوازی زەق لـــەنێوان سۆرانی و گۆرانیدا هەیە، بۆ نموونە: لەسۆرانی سـێ، بەرامبـــەر بـــە گـــۆرانی یـــەری. بەگشـــتی، بەڵگـەی واژەیـی بەشـێوەیەکی تایبـەتی نابـێ بەیاریدەرێك بۆ گریمانەی بنکڕی.

بەڵام گیروگرفتی گشتی زیاتر هەن لەلێکدانەوەی ئەو هێڵەی مەکەنزی گریمانەی کردووە. یەکێ لەمانە بریتییە لەناکۆکییەکی ئاشکرای ناوەڕۆکی کاریگەریی بنکرپیەتی گریمان کراوی زازایی و گۆرانی. کوردی باکوور لەهیچ شوێنێك ئەوەندە ژمارەی خەسیەتی زازایی تێدا نییە، وەکوو ئەوەی کوردی ناوەڕاست دەوسی گۆرانی تێدایە. هەرچەندە بەلای مەکەنزییەوە، هەردوو زاری کوردی، کە لەبنەڕەتدا زۆر بەیەك دەچن، بەیەك شێوە، زارە بنچینەییەکان دادەپۆشن، بەڵام ئەدی بۆچی زازایی هیچ دەوسی وای لەکرمانجیدا جێ نەهێشتووە، لەچاو ئەو خەسیەتانەی گۆرانی لە کوردی ناوەڕاستدا هەن؟ یان، ئەگەر خۆمان بەکوردستانی عیراق ببەستینەوە، بۆچی جگە لەو زارانەی وەکوو گۆرانی هەرە باشوور وان، هیچێکیان دەوسیان لەسەر بەچکە زارەکانی کوردی ڕەسەنی دراوسێ جێنەهێشتووە؟ ئێمە پێشتر دیمان چەندین دوورگەی ئەم زارانە بەدرێژایی ڕێگای سەرهەوراز هەن تادەگاتە

ناوچەی کرمانجی زمانەکانی باکووری مووسل.
ئێمە کەهیچ بەڵگەی مێژوویی، یان سەروو زمانەوانی extralinguistics ترمان نییە، هیچ بەڵگەمان بەدەستەوە نییە ئەوە گریمان بکەین کەئەو خێڵە کوردە داگیرکەرە گریمانەکراوانەی هەندێ، بنکرِی زازایی و گۆرانییان کردۆتە کۆیلەو هەندێکیان دەرکردوون، لەلێوارەکانی باکووری ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی نیشتەجێ بوونی نوێی خۆیان، لەڕەگەوە بەرەو ڕووی بارودۆخی جیاواز بوونەتەوە.[29]

گیروگرفتێکی تر ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر بەلگەی کۆمەڵایەتی مێژوویی نەبێ، پێشاندانی

---

(29) مەکەنزی (ل 86) وای بۆ دەچێ کەکورد یەکەمجار زازاییەکانیان دەرکردووەو تەنیا لە "سەردەمێکی هەرە نزیک" بەسەر گۆرانەکانیان وەرکردووە. بەڵام ئەم زنجیربەندەی ڕووداوەکان لەوە دەکا کارێکی ڕەمەکیانە بێ نەک ڕەنگدانەوەی هیچ دۆزینەوەیەکی زمانەوانی.

کاریگەریی بنکڕایەتی کارێکی تاڕادەی ناوزڕان سەختە (بگەڕێوە لای: تۆماسن و کاوفمان، 1988،111). ئەمەش تەواو لەو ڕاستییە جیایە کە مەکەنزی زۆر بەوردی سوود لەزاراوەی بنکڕ وەرناگرێ.[30] لەو حاڵەتەی ئێستا لەژێر لێکۆلینەوەکەماندایە، هیچ زانیاریمان لەبەردەستدا نییە جگە لە داڕشتنەوەی پێکهاتەی هەریەکە لەزمانی بنکڕو زمانی ئامانج لەماوەی کاریگەریی

---

(30) لەوە دەکا مەکەنزی هیچ بیری وردی لەبارەی (بنکڕ)ەوە لەمێشکدا نەبووبێ، یان مەبەستی بەمە شتێکی تر بێ، چونکە جیاوازی ناخاتە نێوان بەکارهێنانی "خواستنەوە" (ل 85) و "بنکڕ" (ل 86)و "سادەبوون بەهۆی بەیەکدا هاتنی نێوان سیستەمەکان" (ل 82).
جگە لەمەش، ڕوون نییە ئاخۆ ئەم جۆرە وەسفە بەچی دەگا، ئەوە هەر لێگەڕێ داخۆ ئەمە پاساوێکە بۆ ئەو گریمانە مێژووییە دوورە دەستانەی لێی هەڵدێنجێ.

گـــۆرانیی پـــێش ســـەردەمی مـــەغوولیی گریمانەکراو. ئەگەر بەوردی سەیری کاریگەری بنکـــڕ بکـــەین گیروگرفتێکـــی تەنانـــەت ترســـناکتریش ســـەرهەڵدەدا. لەڕاســـتیدا، بنکرەکـەکان تـەنیا یـەك جـۆرە وەرچـەرخانی وردی زمانن لەئەنجامی باش فێرنەبوونی زمانی ئامـــانج (هـــەمان سەرچـــاوە: ل 38 ود.) دەرکەوتوون.

لـەحاڵی گـۆرانی – سـۆرانیدا، ئەمـە بـەرەو کۆمەڵەیـــەکی گـــۆرانی زمـــان دەبێتـــەوە کەشارەزایی ناتەواویان لەسۆرانی – نموونەیی هەیە. ئەوسا ئەم زمانە ناتەواوە لەناو ئەوانەی زمانی شیریشیان سۆرانییە دەبێ بە باو. ئەم جـــۆرە ڕووداوە، بەســـەریەکەوە، بەڵگـــەی مێـژوویی لەبەردەسـتدا نییـە جگـە لەهەنـدێ ئامـاژە بـۆ ئـەوەی لەسـەد سـاڵی ڕابـردوو، یـان شـتێکی وادا، ژمارەیـەکی زۆری گـۆرانی زمـان تواونەتـەوە – بـەڵام ئەمـە سـەردەمێکی زۆر لـەو سـەردەمە نـزیکترە کـە مەکـەنزی ئامـاژەی بـۆ دەکا.

بەڵگـــەی زمانـــەوانی بـــۆ بنکڕایـــەتی کەبەڵگەیـەکی بـەهێزو ڕاچـڵەکێنە مەکـەنزی بـەرەو گریمانەیـەکی زۆر بـەهێز دەبـا کـە گـەلی زازا، وەکوو گۆرانەکان، "بنچینەیان بۆ کەناری باشووری دەریای قەزوین دەچێتەوە" واتە بۆ دەیلەم، کە ئەو "تاقمە کوردە سەرەکییانەی" دواتر گەیشتنە ئەوێ، ئەمانەیان بەرەو ڕۆژاوا ڕاماڵی (1961ب، 86). بڵاوبوونەوەی دووەمی کورد بەرەو باشوور "بوو بەهۆی ڕاماڵین و وردە وردە هەڵمژینی هەموو ئەوانەی ئەوێ تەنیا ئەو گۆرانانـــە نـــەبێ کـــەماون".[31] بـــەلام ئـــەم بۆچـوونەی دەڵـێ گـۆران/ زازا "دانیشـتووی پێش کورد"ی ناوچەکە بوون و کوردە کۆچبەرە داگیرکـەرەکان ئەمانـەیان ناوەتـە لاوە، یـان کۆیلـەیان کـردوون، تـا ڕادەیـەك لـەوانی دی بـاوترە. ئیـدمۆنز (1957، 12) دەسـت

(31) لەتوێژینەوەیەکی زۆر نوێتر (1989)، مەکەنزی گریمانەکەی بەبێ هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی دووپات دەکاتەوە.

بــەجۆرێکی تــری وردی هــەمان گریمانــەوە دەگــرێ: ئــەو ڕای وایــە گــۆڕانی زمانــە ناخێڵەکییــەکان دانیشــتووی "ڕەســەنی" ناوچەکە بوون و "کۆچبەرە کوردی زمانە توندو تیژەکان" لەوێ ڕایانماڵین.

لەگـەڵ ئەمەشـدا، جگـە لـەو ڕاسـتییەی کـە لەوەناکا کەرەستەی زمانـەوانی بنکرِی گۆڕانی بسـەلمێنێ، ئێمـە دەبـێ بـەپارێزەوە ئـەم جـۆرە هەڵێنجانـە بکـەین. داڕشـتنەوەی زمانـەوانی وەکـوو زمانـە نموونەییـەکان تـەنیا چـەمکێکی بیردۆزەییــەو بــەس و بــەهیچ جــۆرێ لەگــەڵ گەشەســەندنی ئیــتنی مێــژوویی ڕاســتەقینە ناخرێتە یەك تای تەرازوو، بەلانی کەمەوە نەك بـەبێ بەڵگـەی چەسـپاوی زیـاترەوە لەبـەرزەفت کردنــــی پەیوەســــتی وەکــــوو مێــــژووو شوێنەوارناســــی و مرۆڤناســــی. گەنگەشــــە زمانەوانییـەکان تـەنیا ئـەوەن کـە: بەڵگـەکانی زمانــەوانی، تەنانــەت ئەگــەر ڕوون کردنــەوەی ڕەگـەزی گۆڕانی لـەکوردی ناوەڕاست، لـەڕووی بنکراتــی زمانەوانییــەوە راســتیش بــێ ئەمــە

هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە بنکرێکی گۆرانی هەبێ دانیشتوانی کوردی باشوورو ناوەڕاستی لەسەر بوەستێ.

هیچ هۆ لەبەر دەستدا نییە بۆ گریمانەکردنی ئەوەی کە لەهیچ کاتێکا قسەپێکەرانی گۆرانی یان کوردیی ناوەڕاستی ئەمڕۆ یەك کۆمەڵەی هاوڕەگەز homogenous ، یان دابەش نەبوویان پێکهێنابێ، چ لەڕووی زمانەوانییەوە بێ، یان کۆمەڵایەتی، یان ئییتنی. لەڕاستیدا، بەڵگەی مێژوویی و هی تریش هەن ئاماژەن بۆ هەڵوێستێکی زۆر ئاڵۆزتر لە داڕشتنەوەی زمانەوانی کەوامان لێ دەکا بڕوای پێ بێنین. ڤان برونسن (1989 أ، بەشی 2) هەوڵ دەدا بسەلمێنێ کەئەو بۆچوونەوەی دەڵێ خێڵە کوردی زمانەکان دانیشتووی ڕەسەنی گۆرانی زمانیان بەزاندبێ و ڕایانماڵیبن، کەئەوانیش لەدەیلەمەوە هاتبن (ئەمە جگە لەدانیشتوانی تەواو ناخێڵەکی کە ئیدمۆنز باسیان دەکا 1957، 10) زۆر سادەو ساویلکانەیە. هیچ کام

کۆمەڵـەی ئیـتنی سـەرلەبەری یـەك پارچـەیی Monolithicنـەبووەو سەرچاوەی مێـژوویی هـەن ئامـاژە بـۆ کـردەوەی تـر دەکـەن. بـۆ نموونـە: مینۆرسـکی (1943، 78) بـاس دەکـا کـە "گـۆران، لەسـەدەی نۆزدەمـدا، وەکـوو خێڵێکـی شـەڕاوی بـاس کـراون" (جەختیشـی لەسـەر کـردووە)، لەلاپـەڕە (48) دا ئامـاژە بـۆ شـەهابەددین ئەلعومـەریی تـۆژەرەوەی میسـری سـەدەی چـواردەم دەکـا کەنووسـیویەتی: دوای داگیرکردنـی مـەغوول لەسەدەیسـێزدەم و چواردەمدا، کوردی شارەزوور کۆچیان کردووە بۆ سـووریا و میسرو نەتەوەیـەکی تـر حەسـەنە/ حەسـەنۆ جێـی گرتوونەتـەوە کـە ئەندامـەکانیان کوردی ڕەسەن نین. مینۆرسکی مەزەندەی وا بۆ دەچـێ کـە زاراوەی حەسـەنە ئامـاژەیـە بـۆ ئـەو خێڵـە گۆرانانـەی جێگـای دانیشـتوانی کـوردی پێشووی ناوچەکەیان گرتۆتەوە، بەجۆرێکی تر بڵـێین، ئەگـەر پێکچـوونەکە ڕاسـت بـێ، ئـەم

**سەرچاوەیە تەواو پێچەوانەی ڕای ئیدمۆنزو مەكەنزی دەگەیەنێ.[32] شەهابەددین لەمەش زیاتر گوتوویەتی گۆران لەجەنگاوەرو وەرزێر پێك دێ بەئەمەش دژی ئەو بۆچوونەیە كەگۆران جڤاتێكی كشتوكاڵیی ناخێڵەكی خوڕن.**

**بەڵگەی مێژوویی تریش هەن كەئەو كردەوانەی لەئارادابوون زۆر لەوەی مەكەنزیو ئەدمۆنز پێشنیاری دەكەن ئاڵۆزتر بوونە:**

1- **ڕیچ** (1، 201) **ناوی میرەكانی گۆران دێنێ كەخێڵە كوردەكانیان لەژێر دەسەڵاتدا بووە، بەجۆرێكی تر بڵێین، گۆرانەكان بەهیچ جۆرێ هەر تەنیا وەرزێری ناخێڵەكی ژێر دەستەی ناوچەكە نەبوونە. دەشێ گۆرانەكان خۆیان لەڕووی خێڵەكییەوە ڕێك بخرێنو تەنانەت بكرێن بە باڵادەست بەسەر خێڵە ناگۆرانەكانی ترەوە. (بڕوانە: ڤان برونسن:** 1989 أ).

(32) سەرچاوەكە دیارناكا ئەم حەسەنانە كێن، ئەوەش ڕون ناكاتەوە ئەمانە بۆچی (كوردی ڕەسەن) نین.

2- بەگوێرەی شەرەفنامە (2، بەشی 1، ل82) پاشاکانی ئەردەلان لەئەندامێکی بەرەبابی مەریوانیی دیاربەکر کەوتوونەتەوە (بڕوانە: مان/ هەدەنگ، 1930، 20).

3- ئەدمۆنز (1957، 190-194) تێبینی کردووە کەدیارە کاکەیی (گۆرانی زمان)و ئایینەکەیان لەبنچینەدا بۆ لوڕستان دەگەڕێتەوە.

بەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك پێویست ناکا ئەو گریمانەیە پێشکەش بکەین کەگۆران، بەگشتی، لەدەیلەمەوە هاتبن، یان بەتێکڕایی بنەچەکەیان بۆ ناوچەی باشووری دەریای قەزوین بگەڕێتەوە.

گیروگرفتێکی گشتی لەبارەی سەرچاوەی مێژووییەوە ئەوەیە کەئێمە دەبێ ئاگاداری لێڵی و ئاڵۆزیی زاراوەی (گووران/ گۆران) بین و (بەهەمان شێوەش، ئاگاداری زاراوەی کورد) بین: هەروەکوو مینۆرسکی (1943)و ڤان برونسن (1989، بەشی 2) باسیان کردووە، لەوانەیە (گۆران) وەکوو ئاماژەیەك بۆ

بــەرەبابێك، یــان خێڵێــك، یــان هاوپــەیمانێکی خێڵەکی، یان تەنانەت بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی بەکاربێ.[33] بۆیــە ئێمــە دەبێ وریــابین بەهەڵــە بەکارهێنانێکی وشــەکە لەگــەڵ بەکارهێنانێکی تــری تێکــەڵ نەکــەین. بــۆ نموونــە، بوتیکــا (1892، 209) بــاس دەکا کــەگۆران لەناوچــەی دەرســیم هــەن کــەزۆر لەناوجەرگــەی خــاکی گۆرانــان دوورە، بــەڵام ئــەو بــەڕوونی تەعبیرەکــە بــەکاردێنێ کەچــینێکی کۆمەڵایــەتی دەگەیــەنێ زیــاتر لەکۆمــەڵێکی ئیــتنی. هــەر زۆر لەگوینــە وشــەی گــۆران لــەڕەوتی گــۆڕانی جــۆراو جــۆری کۆمەڵایــەتی سیاســیدا تووشــی گــۆڕانی مانــا هاتبــێ، بڵــێین، لــەمانای ئیتنییــەوە بــۆ مانــای کۆمەڵایەتی، ئەمە ئەگەر تاکە یەك مانــای وردو ڕوونی هەبووبێ.

---

(33) زانیاریــدەرێکی خــەڵکی هــەولێر ئاگــاداری کردمــەوە لەمانایــەکی تــر کەلــەم پەنــدەدا هــاتووە: "ئــەز نــەکوردم، نــەگۆرانم" کەشــتێکی لــەم بابەتــە دەگەیــەنێ: "مــن نەشارستانم – شارنشینی– و نەلادێیم."

بــەجۆرێکی تــر بڵــێین، وێنــەی بنکرپیــی گــۆرانی، ســەبارەت بــەهۆکاری زمانــەوانیو هــەروەها کۆمەڵناســیو میــژوویی، بۆچــوونێك نییــە پیــاو قەناعــەتی پیبکــا، بۆیــە لــەجیاتی ئەمــەیان مــن حەزدەکــەم پێشــنیاز بکــەم کــەبۆی هەیــە هــەبوونی ڕەگــەزی گــۆرانی لــەکوردیی ناوەڕاســتو باشــوور، ئــەنجامی خواســتنەوەی بالا بێ لەمێژوویەکی مەیلەو نزیکدا. لەوەتی وەرچــەرخانێکی ســەرەکیی زمانــەوانی لــەنێو (گۆرانــەکان)دا ڕووی داوە (کــە، ورد بڵــێین، نــاوێکی نادروســتە بــۆ کۆمەڵەیــەکی ئیــتنی بەگشتی) ئەو تێبینیانەی چەند زانیاریدەرێکی ناوچــەیی جیــا جیــا کردوویانــە، کــە ئــەم وەرچــەرخانەی لــە (150) ســاڵی ڕابــردوودا ڕوویداوە، شــایەنی بایــەخ پێدانــە. بەڵگــەی میــژوویی بەردەســت دەری دەخــات کەبــەلانی کەمەوە یەکێ لەپێش مەرجەکانی خواستنەوە (تۆماســنو کاوفمــان، 1988، 113) لــەئارادا بــووە، کەهــەردوو زمــانی سەرچــاوەو زمــانی مەبەست بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پەیوەندی

بــەردەوامیان بەیەکــەوە هــەبووە: هــەروەکوو دیمان، هەردوو زمانەکە تا ئەمڕۆش قسەیان پێ دەکـرێ و پاشـخانی کۆمەڵایـەتی- کولتـووری ڕێخۆشــکەر بــۆ خواســتنی بــاڵا بەتــەواوی هاتۆتەدی.

لەســەدەی حەڤـدەم و هەژدەمـدا، بارەگــای ئــەردەلان، کــەزمانی بارەگــایی گــۆرانی بــوو، لەهــەرەتی کاریگــەری سیاســی و کولتــووری خۆیدا بوو. بۆی هەیە کاریگەریی زمانەوانیشی بــەلووزەوی ئــەدەبی و عامییــەوە تێپــەڕی بــێ. هــەوەکوو گوتمــان، شــاعیرەکانی بارەگــای بابــان لەسـلێمانی، سـەرەتا بـەگۆرانی دەیاننووسـی، کاریگەرەکــە لەســەر بەچــکەزارە ئاخاوتــەکانی ســۆرانی ڕەنگــە ســەبارەت بــەبالا دەســتی سیاســی و کۆمەڵایــەتی زاری بارەگــا بووبــێ لــەبواری بازرگــانی و پەیوەنـدی نـاڕەسمی تـر، سـەبارەت بـەناوبانگی گـۆرانی بووبـێ وەکـوو ناوەندێکی ئەدەبی بەرز کەبەزۆری لەناو خەڵك

دەخوێنرایەوە،[34] کە ڕەنگە ماوەیەکی زۆر دوای نەمانی کاریگەریی سیاسی بارەگای ئەردەلان ئەم هەر خۆی ڕاگرتبی و مابێتەوە: تەنانەت تا ئەمڕۆش هەورامییەکان ناوبانگی بەرزیان لەبارەی زیرەکی و پیشەگەری بالاوە لەناو دانیشتوانی سلێمانیدا هەیە. بێگومان، ئێمە دەبێ وریا بین و وانەزانین بارودۆخی تایبەتی کۆمەلایەتی – مێژوویی هەر بەڕاستی بڕیار لەسەر ئەنجامی پەیوەندی زمان دەدا (بڕوانە: تۆماسن و کاوفمان – 1988، 46-47)، بەلام ئەم زانیارییە مێژووییە بەلانی کەمەوە پاشخانێکی پەسند بۆ ئەو پەیوەندییە زمانییە دابین دەکا کەدەزانین هەبووە. ئاشکرایە ئەمەش زۆر گیروگرفت بەکراوەیی جێ دەهێلێ: بۆ نموونە، "دوورگەکان"ی زاری گۆرانی و ئەو زارانەی پەیوەستن بەگۆرانییەوە چۆن لەعیراق دروست بوونە؟ چۆن پەیوەندی نێوان ئایینی

(34) سۆن (1921) هەندێ شیعری گۆرانی هەڵبژاردەی سەدەی هەژدەمی وەرگێڕاوە.

غـولات و گیرفانـە زمانـە جیاوازەکـان لـەعیراق و تورکیـا لێـک بدەینـەوە؟ لێـرەدا جێگـای گەنگەشەی دوورو درێژ، یان لێکدانەوەی زیاتر نییـە، بـەڵام دوو خـاڵی ئاشـکرا سـەر قیـت دەکەنەوە:

**یەکـەم:** ئـایینی ئـەهلی هـەقی (پەیوەسـت بەگۆرانی) پەیوەندیی و سیمای هاوبەشی لەگەڵ مەزهەبـە عەلەوییـەکانی ناوچـەی دەرسـیمی زازازمـان و لەگـەڵ گیرفانـەکانی شـیعەی هیـتیرۆدۆکس هـەبووە کەبـەزۆری لـەباکووری عـیراق بـەزمانێکی پەیوەسـت بەگۆرانییـەوە دەدوێن.

**دووەم:** نـاکرێ ئـەم پەیوەندییانە بەتـەواوی، بەگەڕانەوە بۆ <u>بنچینەی</u> هاوبەش لێک بدرێنەوە وەکـوو مووسـا (1988، 447) و تەنانـەت ڤـان برونسـنیش (1989 أ: 147–149)[35] هـەوڵی شتی وا دەدەن، چونکە وا پێدەچێ زۆربەی ئەم

(35) تێبـینی: ئـەم بەشـە لەچـاپی ئینگلیـزی 1992 دا نەهاتووە.

**ئایینانە لەڕێبازە سۆفیگەرییەکان (وڕەنگە هەندێکیان لەخێڵە تورکمانەکان)ی ناوچەکە وەرگیرابن کەوردە وردە خەسیەتیان بەرەو غولاتی چووە، مەزهەبێکی یەکگرتووی تەواویان پێکەوە نەناوە تەنانەت کۆمەڵەیەکی ئایینی، یان ئیتنی وردیان بەخەڵك نەناساندوە. ئەمە بەلانی کەمەوە تا سەدەی چواردەم وابووە.[36] جا هەرچەندە زۆر پرسیار بەکراوەیی دەمێننەوە، لێرەدا، بۆ ماوەیی مرۆییو پەیوەندی مەیلەو نزیك دەبن بەچەمکی ڕوون کردنەوەی زۆر شیاوتر لەمەسەلەی گەڕانەوە بۆ سەر بنچینەکان.**

---

(36) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، بۆنموونە: مەلیکۆف 1975، 1982" سوهروەیدی 1965. هەردووکیان جەخت لەسەر سروشتی نائاسایی ئایینی عەلەوی هیتیرۆدۆکس دەکەن.

# بەشی چوارەم

## ئەنجامەکان

دەتوانین بابەتی سەرەکی ئەم تۆژینەوەیە بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

یەکەم: دەکرێ بەبێ هیچ پەنابردنە بەر ڕووداوی گەورەی وەکوو وەرچەرخانی گەورەی زمان لەناو سەرلەبەری کۆمەڵەی گۆران زمانەکان، لێکدانەوە بۆ ئەو ڕەگەزانە بکەین کە لەگۆرانی دەچن و لەکوردیی ناوەڕاستدا هەن. بەڵگەی مێژوویی بەردەست و جۆری ئەو خواستنەی کراوە (بەشێوەیەکی سەرەکی واژەیی و وشەسازییە) زۆر چاک لەگەڵ لێکدانەوەی خواستنی بالا دەگونجێ لەماوەیەکی درێژخایەندا.

دووەم: دەبێ وریا بین دارشتنەوەی ڕێزمانی لەگەڵ گەشەسەندنی چەسپاوی ئیتنۆمێژوویی

تێکەڵ نەکەین. هیچ بەڵگەی مێژوویی نییە بۆ هیچ شتێکی وەکوو بوونی چینێکی هاوتای گۆرانی لەناو ئەو دانیشتوانانەی کەشەپۆلێکی باش ناسراوی (کوردی ڕەسەن) ڕایانماڵیون.

بەلگەی زمانەوانیش هیچ هۆی وامان پێنادا ئەم بۆچوونە قبوول بکەین. ئەوەش هەیە کۆچی تاکە تاکی خەڵك و خێڵ و سەرکردەی دونیایی و ڕۆحی (کەهەندێکیان ساغیش بوونەتەوە) لەسەدەکانی ڕابردوودا ڕوویان داوە، گومانی تێدا نییە زۆر دۆخی جیا جیای وەرچەرخانی زمانیش هەبووە. وێنەکە ئەوەندە ڕوون نییە، بەلام ئەوە دەردەخا کەدیاردەی پەیوەندیی زمان لەلێکۆلینەوەی زارە کوردییەکاندا شایانی بایەخ و سەرنجدانی زیاترە لەوەی کە تائێستا پێی دراوە.

<u>سێیەم</u>: وادیارە شتێکی بەکەلکە مانای ئیتنی دەستەواژەی (زاری کوردی) لەمانای خوڕی زمانەوانی دەستەواژەکە جیا بکەینەوە. زاری کوردی بەمانای یەکەم بریتییە لەمەسەلەی ئینتیمای ئیتنی کەبۆی هەیە بەپێی ڕۆژگار بگۆڕێ، کەچی زاری کوردی بەمانای دووەم بریتییە

لەمەسەلەی پۆلین کردنی زمانەوانیو دووبارە داڕشتنەوەی. بەم جۆرە زازاییو گۆرانی (حاڵی حازر) زاری کوردین بەمانای یەکەم، بەڵام بەمانای دووەم هەو نین. ئینتیمای ئیتنی زالی ئەندامە تاکەکانی هەرکام لەم کۆمەڵە زارانە، یان تەنانەت پێناسەی ئیتنی بەشێ، یان سەراپای ئەم کۆمەڵانە خۆیان، لەئەنجامی کارلێکی زارێ لەگەڵ ڕووداوی کۆمەڵایەتیو سیاسی گەشە دەکاو بەم جۆرە ئەمە هەر بەئەسل ناچەسپیوە. ئێمە هەندێ حاڵەتمان دیوە (خێڵی کەرە کاچلیو ئەرمەنییەکانی دەرسیمی سەدەی 19) کەبەزاندنی سنووری ئیتنی بەئاشکرا ڕووی داوەو لەهەندێ حاڵەتی تریشدا (کۆمەڵە گۆران زمانەکان کەوردە وردە بوون بە هیتیرۆدۆکس) زۆر لەگوینە ئەمە ڕووی دابێ. پرسیارێکی تر ئەوەیە ئاخۆ ئەم گەشەسەندنانە لەو زمانانە ڕەنگیان داوەتەوە کەئەو کۆمەڵە ئیتنیانەی لێیان دەکۆڵینەوە قسەیان پێ دەکەنو چۆن؟ ئاشکرایە ئەمە بابەتێکی زۆر فراوانە بۆ دەرفەتی ئێستا. لەگەڵ ئەمەشدا هیوادارم ئەوەم دەرخستبێ کەجێی خۆیەتی زیاتر بەم ئاراستەیەدا بڕوانین.


Dialect map of Iraqi Kurdistan
(before deportations)
TURKEY
IRAN
Aramaic
Badini (Kurmanji)
DUHOK
MAHABAD
Bajalani
Shabak
GR. ZAB R.
SHAQLAWA
ESKI KALAK
Surchi
MOSSUL
Sarli
ARBIL
Turcoman
Sorani
Arabic
Hawrami
SULAIMANIYA
GERMIAN
KIRKUK
L. ZAB R.
HALABJA
TAWUQ
Kakai
(Macho)
AWASHI R.
Zengana
Bajalani
Kakri
KHANAQIN
Laki / Luri
IRAQ
TIGRIS R.

***Bibliography***


- P.A. Andrews (ed.) 1989 Etnnic Groups in the Republic of Turkey. Wiesbaden
- G.S. Asatrian & N.Kh. Gevorgian 1983 A Zaza Miscellany. In: A Green Leaf. Papers in Honour of Professor Jes P, Asmussen. Acta Iranica 28: Leuven
- F. Barth 1969 Introduction, in F. Barth (ed.), Ethnic Groups and Boundaries. The Social Organization of Culture Difference. London
- E.Dj. Bedir Khan & P. Lescot 1970 Grammaire kurde (dialecte kurmandji). Paris: Maisonneuve
- J. Blau 1975 Le kurde de 'Amndiya et de Djnbal Sindjar. Paris: Klincksieck
- J. Blau 1989a Le kurde. In Schmitt (ed.) 1989: 327-335
- J. Blau 1989b Gurani et Zaza. In Schmitt (ed.) 1989: 336-340
- Agha, Shaikh . und 1989a M.v.Bruinessen Staat: Politik und Gesellschufl Kurdistans, new ed. Berlin: Express Editions (New English ed., abbreviated: London, Zed Press 1992)
- M.v.Bruinessen 1989b The Ethnic Identity of the Kurds. In Andrews (ed.) 1989:613-621
- P.J. Bumke 1989 The Kurdish Alevis: Boundaries and Perceptions. In Andrews (ed.) 1989
- D. Butyka 1892 Das ehemalige Vilajet Dersim. Mitteilungen der geographischen Gesellschaft Wien XXXV no 2-3, no. 4
- Th. Bynon 1979 The Ergative Construction in

Kurdish. BSOA5 42: 211-224 Evliya Celebi 1986 Seyahatname, cild III-IV It4ook of Travels, vol. III-IV). T. Temelkuran, N. Aktas (eds.) Istanbul
- R. Dankoff (ed.) 1990 Evliya Celebi in Bitlis. Leiden: Brill
- M.N. Dersimi 1952 Kurdistan tarihinde Dersim. [Dersim in the history of Kurdistan]. Aleppo (repr. Cologne 1988)
- M. Dorleijn 1992 Will Split-Ergativity survive in Kurmanci Kurdish spoken in Turkey? This volume
- C.J. Edmonds 1957 Kurds, Turks and Arabs. London: OUP
- C.J. Edmonds 1969 The Beliefs and Practices of the Ahl-e Haqq of Iraq. Iran 7: 89-106
- Ethnicity . inJ. Fishman 1977 Language and H. Giles (ed.) Language, Ethnicity, and Intergroup Relations. New York: Academic Press
- A. Hassanpour 1989The Language Factor in National Development: The Standardization of the Kurdish Language, 1918-1985. Diss. University of Illinois, Urbana-Champaign
- W.W. Isajiv 1974 Definitions of Ethnicity. Ethnicity 1: 111-124
- P. Lerch 1857-1858 Forschungen uber die Kurden und die iranischen Nordchaldaer. St. Petersburg (reprinted Amsterdam 1979) '
- D.N. MacKenzie 1956 Bajalaru. BSDAS 18: 418-35
- D.N. MacKenzie 19b1a Kurdish Dialect Studies 1. London: OUP
- D.N. MacKenzie 19b1b The Origins of Kurdish. Transactions of the Philological Society: 68-86

- D.N. Mackenzie 1966 The Dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon). Copenhagen
- D.N. Mackenzie 1989 The role of the Kurdish language in ethnicity. In Andrews (ed.) 1989: 541-542
- D.N. Mackenzie n.d. Kurds: Language. Encyclopedia of Islam, 2nd ed.
- O. Mann 1909 Kurdisch-Persische Forschungen II.1: Die Tajik-Mundarten der Provinz Fars. Berlin
- O. Mann 1910 Mundarten dcr der-Stamme. Berlin
- O. Mann/ K. Hadank 1930 Kurdisch-Persische Forschungen III, 2: Mundarten der Guran. Berlin
- O. ivtarul/ K. Hadank 1932 Kurdisch-Persische Forschungen III, 4: Mundarten der der Zaza. Berlin
- M.M. Mazzaoui 1972 The Origins of the Safawids, Shi'ism, Sufism, and the Ghulat. Wiesbaden: Franz Steiner Verlag
- I. Melikoff 1975 Le probleme kizilbas. Turcica 6 49-67
- I. Melikofi 1982 L'islam heterodoxe en Anatolie. Turcica 14 142-154
- V. Minorsky 1920 Notes sur la secte des Ahle-Haqq. Revue du Monde Musulman 40, 45
- V. Minorsky 1943 The Guran. BSOAS XI/1: 75-103
- L. Molyneux-Seel 1914 A Journey in Dersim. Geographical Journal Z.XIV: 4968
- M. Moosa 1988 Extremist Slti'itcs: The Ghulat Sects. Ithaca: Cornell UP
- F. Muller 1864 Zaza-Dialekt der Kurdensprache. Sifzungsberichte der Wiener phil .- hist. Kl. Akademie der Wissenschaften, Bd. 48

- C. Niebuhr 1768 Reisebeschreibung nach.- Arabien, vol. 2. Dutch translation: Reize naar Arabie en omliggende landen: Dl. 2 1776
- B. Nikitine 1922 Les valis d'Erdelan. Revue du monde musulman 49: 70-104
- R. Olson 1989 The Shaikh Said Rebellion and the Emergence of Kurdish Nationalism. Austin: University of Texas Press
- I.M. Oranskij 1977 Les Iangues iraniennes (tr. J. Blau). Paris: KIincksieck
- C.J. Rich 1836 Narrative of a Residence in Koordistan. Repr. London 1972
- R. Schmitt (ed.) 1989 Compendium Linguarum Iranicarum. Wiesbaden: L. Reichert Verlag
- Sheref Khan Bitlisi 1596 Sherefnamc. (Persian text With French translation and commentary by F.B. Charmoy, St. Petersburg 1868-1875)
- E.B. Soane 1921 A Short Anthology of Garan Poetry. JRAS Jan. 1921: 57-31
- H. Sohrweide 1965 Der Sieg der Safaviden in Persien und seine Ruckwirkungen auf die Schiiten Anatoliens im 16. Jahrhundert. Der Islam 41: 95-223
- M. Sykes 1908 The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire. Journal of the Anthropological Institute 38: 451-486
- P. Tedesco 1921 Dialektologie der Westiranischen Turfantexte. Monde Oriental XV: 184-257
- S. G. Thomason & T. Kaufman 1988 Language Contact, Creolization and Genetic Linguistics. Berkeley CA
- T. L. Todd 1985 A Grammar of Dimili (also known as Zaza). Diss.
- A. Vinogradov 1974 Ethnicity, Cultural Discontinuity and Power Brokers in Northern Iraq: The Case of the Shabak. American

**Ethnologist 1: 207-218**

## روونکردنەوەی چەند زاراوەیەك

**نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا هەندێ زاراوەی زمانەوانی بەکارهێناوە کەڕەنگە لەکوردیدا بەرامبەرەکانیان جێگیر نەبووبن و لەکاتی وەرگێڕاندا لەزۆر شوێن زاراوەکان وەکو خۆیان بەئینگلیزی نووسراونەتەوە، جا بۆئەوەی خوێنەر بزانێ مەبەست لەم زاراوانە چییە، لەخوارەوە ئەوەندەی بۆ ئێرە پێویست بێ زاراوەکان لێك دەدرێنەوە(و.):**

**absolutive: ئەم زاراوەیە لەوەسفیی ڕێزمانی هەندێ زمان بەکاردێ وەکو ئەسکیمۆو جۆرجی کەسیستەمی (ergative) یان تێدایە. لەم سیستەمەدا هاوتەریبییەکی شکڵی لەنێوان بەرکاری فەرمانێکی تێپەڕو بکەری فەرمانێکی**

تێنەپەڕ هەیە (واتە هەمان دۆخ دەردەخەن). ئەمانە بە (absolutive) ئاماژەیان بۆ دەکرێو لەم حاڵەتەدا بکەری فەرمانی تێپەڕ پێی دەگوترێ (ergative).

Accusative: لەو زمانانەی پەیوەندیی ڕێزمانی بەهۆی گەردان کردنەوە دەردەبڕێ، ئەم زاراوەیە ئاماژەیەکە بۆ شکڵی کۆمەڵەی ناو (بەزۆری یەك ناوە یان یەك ڕاناو) کەبەرکاری فەرمان بێت.

Africate: ئەم جۆرە دەنگەیە کەلەکاتی گۆکردندا لەرزینەوەی تێدایەو لەکوردیدا (لەرزۆك)ی بۆ دانراوە.

Agent: واتە بەرهەم هێنەر. لەڕستەی ڕێزمانیدا بە بەرهەم هێنەر یان بکەری فەرمانەکە دەگوترێ.

Clitic: زاراوەیەکە لەڕێزمان بەکاردێو ئاماژەیە بۆ ئەو شێوەیەی کە لەشێوەی وشە دەکا بەڵام بەشێوەی ئاسایی گۆکردن ناتوانێ خۆی دەربخا لەبەرئەوەی لەڕووی پێکهاتەوە پشت بەوشەی دراوسێی خۆی دەبەستێ(تابع).

Copula: زاراوەیەکــە لەوەســفیی ڕێزمانیــدا ئاماژەیە بۆ فەرمانی لکێنەر. واتە ئەو فەرمانەی مانایــەکی ســەربەخۆی کــەمی هەیــەو ئــەرکی ســەرەکی لەڕســتەدا ئەوەیــە ڕەگــەزەکانی تــری پێکهاتەی ڕستەکە بەیەکەوە گرێ بدا بەتایبەتیش بکــەرو تەواوکــەر بەیەکــەوە ببەســتێتەوە. لەئینگلیزیــدا فــەرمانی (copula)ی ســەرەکی بریتییــە لەفــەرمانی (be). زاراوەکــە بــەزۆری پەیوەسـتە بـەم جـۆرە فەرمانـەوە بـەڵام فـەرمانی تریش هەن کەئەم جۆرە ئەرکە دەگەیەنن.

Enclitic: ئەوەیــە کــەهێزی ســەربەخۆی لەڕسـتەدا نـەبێ و لەگۆکردنـدا بـەجۆرێ مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ وەکـو ئـەوەی بەشـێ بـێ لەوشـەی پێش خۆی.

Epithet: وشــەیەکە یــان دەســتەواژەیەکی تایبەتمەندە لەگەڵ، یان لەشوێنی، ناوی کەسێك یان شتێك بەکار دێت.

Ergative: زاراوەیــە لەوەســفیی ڕێزمــانیی هەنـدێ زمـان بـەکاردیی وەکـو ئەسکیمۆو باسـك. لێـرەدا زاراوەیـەك پێویسـتە بـۆ نیشـاندانی ئـەو

پێکهاتانەی هاوتەریبیەکیی شکڵیان تێدا هەیە لەنێوان بەرکاری فەرمانێکی تێپەڕو بکەری فەرمانێکی تێنەپەڕ (واتە: هەردووکیان هەمان دۆخ دەخەنە ڕوو). بکەری فەرمانە تێپەڕەکە پێی دەگوترێ (ergative)، کەچی بکەری فەرمانە تێنەپەڕەکە لەگەڵ بەرکاری فەرمانە تێپەڕەکە هەردووکیان پێیان دەگوترێ (absolutive).

Extralinguistics: واتە ئەودیو زمانەوانی. ئەم زاراوەیە بەمانای هەرە گشتی، ئاماژەیە بۆ هەر شتێکی دونیا (جگە لەزمان) کەزمان پەیوەندی پێ هەیە – هەڵوێستی ئەودیو زمانەوانی. زاراوەی سیمای ئەودیو زمانەوانی بۆ مانایەکی گشتی و مانایەکی تایبەتیش بەکار دێت. بەمانای گشتی زاراوەکە ئاماژەیە بۆ هەر سیمایەکی ئەم جۆرە هەڵوێستەو بەمانای تایبەتیش ئاماژەیە بۆ سیمای پەیوەندیکاری کەبەزاراوەی زمانەوانی بەڕوونی شی ناکرێتەوە. وەکو نیشانەی دەم و چاو، نەبرەی دەنگ. هەندێ زمانەوان بەجۆری یەکەمی سیماکان دەڵێن میتالینگویستیک و

هەندێ زمانەوانی تر بەجۆری دووەمی سیماکان دەڵێن پارالینگویستیکس.

Fricative: ئـەم جـۆرە دەنگەیـە کـە لـەکاتی گۆکردنـدا خشـانی تێدایـەو لەکوردیـدا زاراوەی (خشۆك)ی بۆ دانراوە.

Informant: ئـــەو کەســـەیە کـــە دەوری سەرچـاوەی زانیـاری لێـوەرگرتن دەبینـێ بـۆ شـیکردنەوەی زمانـەوانی. دەبـێ زمانەکـە زمـانی (شـیری) زمـانی دایکـی کابراکـە بـێ. بـۆی هەیـە زاناکانی زمانەوانی خۆیان ئەو دەورە بگێڕن.

Lexical: واژەیی. ئەم زاراوەیە بۆ وشە بەکار دێ بەرامبـەر بـەزاراوەی ڕێزمـانی. واتـە ئـەو شتانەی پەیوەندیان بەوشەکانی زمانەوە هەیە.

Mass-communication: واتـە پەیوەنـدی گشـتی. لەکۆمەڵناسـیدا (mass) بـەمانای جـەماوەر، یـان ســـەرجەم کۆمـــەڵانی خـــەڵك هـــاتووە. (communication) ئامۆژەیـە بـۆ گەیانـدنی زانیـاری (پـەیام) لەسەرچاوەوە (بنێـر) بۆ وەرگـر بەڕێگـەی سیســـتەمێکی هێماکارییـــەوە. ئـــەم زاراوەیـــە لەکۆزمانـەوانی بـۆ چـۆنیەتی گەیانـدی پـەیامێك

بەکۆمەڵانی خەڵك بەکاردێ کەبەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە ئەنجام دەدرێ.

Metathesis: واتـــــە جـــــێگۆڕکێی دەنـــــگ. زاراوەیـــەکی زمانەوانییـــە ئاماژەیـــە بـــۆ گـــۆڕینی زنجیرەی ئاسایی ڕەگەزەکانی ڕستەو بەتایبـەتیش دەنـگ بـەڵام هەنـدێ جـار بڕگـەو وشـەو یەکـەی تریش دەگرێتەوە. ئەم زاراوەیە لەدێر زمانەوانیـدا historical linguistics دەورێکـی زۆری هەیـە. ئـەم دیاردەیـە هەنـدێ جـار لەهەڵـەی گـۆکردنی وشـە دەکەوێتـــەوە هەنـــدێ جـــاریش لەســـپوونەریزم دا دەردەکـەوێ واتـە جێگـۆڕکێی دەنگـی سـەرەتای دوو وشە یان زیاتر لەڕستەدا.

Monolithic: واتـە وەکـو کـێڵ. مەبەسـت ئـەو شـــتەیە کـــە لەیـــەك پارچـــە پێکهـــاتووە. واتـــە یەکەیەکی سەربەخۆیە.

Nominative: بکـــەری فرمـــان. لـــەو زمانانـــەی پەیوەنـــدیی ڕێزمـــانی بـــەهۆی گـــەردان کردنـــەوە دەردەبـــڕێ، ئـــەم زاراوەیـــە ئاماژەیـــە بـــۆ شـــکڵی کۆمەڵەی ناو (کەبەزۆری یەك ناو یان یـەك ڕاناوە)

کــەببێ بەبکــەری فــەرمان. ئەمــەیان بــەزۆری شێوەکەی بێ نیشانەیە.

Oblique: لـەو زمانانـەی پەیوەنـدیی ڕێزمـانی بەهۆی گـەردان کردنـەوە دەردەبڕێ، ئـەم زاراوەیـە ئاماژەیە بۆ شکڵی گرێی ناوی (بـەزۆری یـەك نـاوە یان یەك ڕاناوە) کاتێك کەهـەمووی بەسـەر یەکـەوە ئاماژە بێ بۆ هەموو شێوەکانی دۆخی وشـە جگـە لەدۆخی بێ نیشانەیی یان دۆخی (nominative).

Patient: زاراوەیەکـە هەنـدێ زمانـەوان بـەکاری دێــنن وەکــو بەشــێکی شــیکردنەوەی ڕێزمــانیی ڕســتە. ئاماژەیــە بــۆ ئــەو قــارەی دەکەوێتــە بــەر کاریگـەری فەرمانەکـە. ئـەم زاراوەیـە هەنـدێ جـار (goal) یان (recipient)ی لەجیاتی بەکاردێ.

Sociolinguistics: لقێکـی زمانەوانییـە لەهــەموو لایەنــەکانی پەیوەنــدیی نێــوان زمــان و کۆمــەڵ. دەکۆڵێتەوە. لەکوردیدا زاراوەی (کۆزمانەوانی) بۆ دانراوە.

Source language: ئەم زاراوەیە لەلێکۆڵینـەوەی پەیوەندیکاریــدا ئاماژەیــە بــۆ زمــانی ئەســلی کەپەیامەکەی لێوە دەست پێ دەکات چ لـەبارەی

کاریگەریی زمانەکانەوە بێ و چ لەبارەی وەرگێڕانەوە بێ. لەبارەی کاریگەری زمانەکانەوە ئەو زمانەی کاریگەری هەبووە پێی دەگوترێ زمانی سەرچاوە (source)و ئەوەی کاریگەریەکەی کەوتۆتە سەر پێی دەگوترێت زمانی ئامانج یان مەبەست (target). لەوەرگێڕانیشدا ئەو زمانەی بەرهەمەکەی لێ وەردەگێڕدرێ پێی دەگوترێ زمانی سەرچاوە (source)و ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێ پێی دەگوترێ زمانی ئامانج یان مەبەست.

Substratum: زاراوەیەکە لەبواری کۆزمانەوانی و دێرزمانەوانی (historical linguistics) بەکاردێ. ئاماژەیە بۆ جۆرێکی زمان یان کۆمەڵە شێوەیەکی زمان کەکاریان کردبێتە سەر پێکهاتە، یان بەکارهێنانی جۆرێکی زاڵتری زمان لەناو جڤاتێکی زمانەوانیدا. لەکوردیدا زاراوەی (بنکڕ)ی بۆ دانراوە.

Target: ئەو زمانەیە کە لەکردەوەی گۆڕانی زمانەوانی و لەوەرگێڕاندا بۆتە ئامانج، واتە گۆڕانەکە بەسەر ئەودا هاتووەو وەرگێڕانەکە بۆ

ئەو کراوە. لەکوردیدا زاراوەی زمانی ئامانج یان مەبەستی بۆ دانراوە.

Transcription: دەنگنووسیی. ڕێگایەکی نووسینی دەنگەکانی ئاخاوتنە بەشێوەیەکی سیستەماتیو چەسپاو. دوو جۆرە دەنگنووسیی جیاواز هەن: فۆنەتیکیو فۆنیمی. دەنگنووسیی فۆنەتیکی دەخرێتە نێوان دوو کەوانەی گەورەو دەنگنووسیی فۆنیمی دەخرێتە نێوان دوو هێڵی لار. لەیەکەمیاندا دەنگەکان لەسەر بنچینەی دەربڕینو بیستنەوە ڕەمزیان بۆ دادەنرێ بێ ڕەچاو کردنی ئەرکیان لەزماندا، کەچی لەدووەمیاندا تەنیا ئەو دەنگانە ڕەمزیان بۆ دادەنرێ کەئەرکی زمانەوانیان هەیە، واتە فۆنیمن.

Vernacular: زاراوەیەکی بواری کۆزمانەوانییە. ئاماژەیە بۆ زمانی یان زاری ناوچەیی جڤاتێکی ئاخاوتن. ئەم زاراوەیە بەزۆری وەکو پێچەوانەی چەمکی زمانی یەکگرتوو یان لانگوافرانکا دەردەکەوێ.

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 5 | پێشەکی |
| | بەشی یەکەم: |
| 11 | زارەکوردییەکانو زارەکانی (کوردی) |
| | بەشی دووەم: |
| 51 | بۆمـاوەییو پەیوەنـدی تـری نێـوان زارە کوردییەکان |
| | بەشی سێیەم: |
| 69 | ڕەگـەزەکانی گـۆڕانی لـەناو کـوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) |
| | بەشی چوارەم: |
| 91 | ئەنجامەکان |
| 95 | بیبلیوگرافیا |
| 99 | ڕوونکردنەوەی چەند زاراوەیەك |